سەینەی ماننووسەك.. ئاری عوسمان خەیات

لە مەملەکەتی باوکەکانەوە، تێپەڕین بە مەملەکەتی گورگەکاندا تا مەملەکەتی سپیسوار

کاتێك دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی ماڵانی (مەملەکەتی سپیسوار)ی (حەمەسەعید کەلاری)، ئەگەر لەو خوێنەرانە بیت، کە دەستی نووسینیان هەیە، ئەوا هەر لەگەڵ تەواوبوونی خوێندنەوەیدا، یەکسەر کەڵکەڵە ئەوەت دەکەوێتە سەر، شتێکی لەبارەوە بنووسیت، بەڵام هەرئەوەندەی بتەوێ دەست پێ بکەیت، ئیدی ئەوکات بۆت دەردەکەوێت: ڕاستە ماڵانەکە لەو جۆرانەیە، کە خوێندنەوەیان خۆش و هەوانەڕ، وەلێ نووسین لەبارەیەوە ئاسان نییە!
من ئەم تێواڕینەم دوای هەشت مانگ لە بەاوبوونەوەی ماڵانەکە بۆ دەرکەوت، لەمەشدا دوو خاڵم بە سەرنج گرتووە:

1. چەند جارێك بەوردیی ماڵانەکەم خوێندووەتەوە، بەڵام بەم نووسینەی ئێستاشەوە، پێموایە هێشتا هەقی خۆیم نەداوەتێ. مەبەستم ئەوە نییە، کە بمەوێ یان نیازی ئەوەم هەبێ لە کورتەنووسینێکی لەم شێوەدا بپەرژێمە سەر وردودرشتی ئەو ڕووخسار و ناوەڕۆکەی کە ماڵانووس پێشکەشی کردووین، بەڵکوو دەمەوێ بڵێم: دەروازەکانی چوونە ژوورەوەی ئەم ماڵانە گەلێك زۆرن، بەڵام دەرچوون لێی ئەستەمە! چونکە بەدەر لەو شێوازە ئەدەبییە تایبەتەی هەیەتی، هاوکات زیاد لە باس و بابەت و لایەنێکی تێدای بەسەرکراوەتەوەڕ، زیاد لە تێواڕین و بۆچوونێکی تێ خزێنراوەڕ، کە ئەستەمە بتوانین لە یەك کاتدا لەبارەی هەموو ئەوانەوە قسە بکەین یان بنووسین، بەمانایەکی تر وەڵای قەبارە بچووکییەکەی، بەڵام جیهانێکی یەکجار بەرین لەم ماڵانەدا خراوەتە سەرپشت، کە دەشێ بڵێین، دەقەکەی پێ چووەتە ئاستەکەوە، کە خوێنەر دەتوانێ بیخوێنێتەوە، چۆڕی لێ وەرگرێ و هیچی لەبارەوە نەڵێ!
2. لە ماوەی ئەم هەشت مانگەی ڕابردوودا، چاوم بە زۆربەی ئەو نووسین و ڕانان و هەڵسەنگاندنانە کەوتووە، کە لەبارەی مەملەکەتەکەی کەلارییەوە نووسراون، لای خۆمەوە گەشتم بە چەند ئەنجامێك، کە یەکێك لەوانە ئەمەیە: زۆربەی نووسینەکان

(نەموتووە هەموویان: زۆربەیان!) بە نەفەسی کورتی (فەیسبووك)یانەوە نووسراون، هەربۆیە دەرەقەتی شیکردنەوەی ڕۆمانەکەوە نەهاتوون! وام لێ دێ، هەندێ جار گومان بکەم، کە کەمیان نەبێ، زۆربەیان بەبێ ئەوەی خوێندبێتیانەوە شتیان لەبارەوە نووسیوە! ئەمە تەنها گومانە، چونکە من دەزانم (خەڵکەکە) بەگشتی تاقەتی خوێندنەوەی دەستەبژێرانەیان نەماوە هەربۆیە نەفەسی نووسینیشیان ئاوا کورت بووەتەوە! دووەمیش هەر ئەوەیە، کە لە دەسپێك و لە خاڵی یەکەمی ئەم نووسینەدا، ئاماژەم پێی داوە: ڕۆمانەکە بۆخۆی تایبەتە، ئەمەش وادەکات خوێنەر و خوێندنەوەی تایبەتی بوێت و دواجاریش نووسینی تایبەت لەبارەیەوە…
کەواتە دیسانەوە هەق بە ئێمەیە، لێرەدا لەوانگەی خاڵی یەکەمەوە، بپرسین: ئەوە چییە وا دەکات خوێندنەوەی ڕۆمانێك ئاسان بێت، بەڵام نەتوانین بەهەمان ڕادەی ئەو ئاسانییە لەبارەیەوە بدوێین/ بنووسین؟
وەڵامی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو پرسیارە جەوهەرییە -لە ڕۆنانی سەرەوەیدا- خۆی لەو شوازەدا دەبینێتەوە، کە ڕۆمانووس لە نووسینی دەقەکەیدا بەکاری هێناوە. هەبەت ئەگەر ئێمە ئاگاییمان لەمەڕ (چەمکی شواز) بەگشتی و (شوازی ئەدەبی) بەتایبەتی هەبێت، ئەوسا لەوەش تێدەگەین، کە سیحر و ئەفسوونی هەر دەقێکی ئەدەبی خۆی لە شوازی خستنەڕوویدا دەبینێتەوە، شوازیش لە دەقی ئەدەبیدا -بەکورتییەکەی- بریتییە لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان لەلایەن خاوەن دەقەوە. بەم جۆرە ئەگەر لە ڕوانگەی شوازگەرییەوە شیکردنەوەیەك بۆ شوازی ئەدەبیی (حەمەسەعید کەلاری) چ لەم ڕۆمانەی و چ لە دوو ڕۆمانی پێشتریدا (مناڕۆك لە مەملەکەتی باوکەکاندا، 2005) و (مەملەکەتی گورگەکان، 2009) بکەین، ئەوا دەتوانین ئەنجامێکی زانستی لەبارەیەوە بەدەست بهێنین و تێیدا ئەوە ببچەسپێنین، کە ڕۆمانووس خاوەنی شوازی تایبەت بە خۆیەتی، خۆ ئەگەر پێویست بە بەڵگەی زیاتر لە پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئەنجامەدا بکات، ئەوکات بە گەڕانەوە بۆ بەرهەمە شیعرییەکانی کەلاریی (سمکۆ‌ڕانی شیعرێکی سەرکێش: 1992، زریکەی زامی دارەبەنێك: 2000، سێبەری سزا: 2002)، توانا و سەلیقەی شوازگەرانەی ئەومان باشتر بۆ دەسەلمێت. ئاخر ئەو توانایەکی گەورەی بەسەر زماندا دەشکێت، هەر لە یەکەم بەرهەمی بۆاوکراوەیەوە، وەك مام زمان بەدەم خەیاڵییەوە نەرم-نەرم دێت و دەچێت و خوێنەر لە هیچ شوێنکدا هەست بە

زۆرلەخۆکردنێك ناکات، کە ساتمەی بە نووسەر دابێت. بەڵێ، ئەو وردەکارانە مامەڵە لەگەڵ زمانی نووسین و دەربڕیندا دەکات، زمان دەباتە ئاستێکی شیعریی ئەوتۆوە، کە شیکردنەوەی قووڵی فرەئاستی پێویستە، بەوماناییەی لە یەك کاتدا گەمەیەکی قووڵ دادەمەزرێنێت، لە ڕووی بەکارهێنانی یەکە زمانییەکانەوە هەر لە ئاستی دەنگ و وشە و تا دەگات بە ئاستی ڕستە و کێشست و دواجار هەموو ئەمانەش لە ئاستی واتای گشتیی دەقدا وەك چلچرایەك بەسەر دیدی ئیستاتیکیی خوێنەردا دادەگیرسێت، دیارە شیکردنەوەیەکی لەم جۆرەش پێویستی بەوەیە کەمەك لە میکانیزمە ڕەخنەییەکانی میتۆدی شێوەگەرایی (فۆرمالیزم) وەربگرین، کە لێرەدا بەنموونە ئاماژە بە چەمکی (ئاشنایی-سڕینەوە)ی شکڵۆفسکی دەدەین و لەمیانییەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن ڕۆمانووس خوێنەر پەلکێشی نێو فەزای زمانیی دەقەکەی دەکات و بەجۆرێك، کە بەرکەوتنی لەگەڵ دنیایەکی نوێدا دەبێت تێیدا زمانی ئۆتۆماتیك لەکاردەکەوێت و زمانی ئەدەبیی دێتەپێش، بەمەش ئیدارکی ڕۆژانە لەکاردەکەوێت و لەجێگەی ئەوە ئیدراکی ئیستاتیکی بەگەردەکەوێت، لەکاتێکدا بەگەڕکەوتنی ئەم ئیدارەکە ئیستاتیکییە لەنێو دنیایەکدایە، لە هەمان ئەو کەرەستانە بنیاتنراوە، کە خوێنەر بە ئاسانی دەیانناسێتەوە، بەڵام کاتێك یەکپارچە و لەنێو بڕتەی بنیاتە تازە ڕەنراوەکەدا بەرخوردیان لەگەڵ دەکات، ئیتر ئا لەوێدا سەرجەمی ئەو شتانەی پێشتر پێیان ئاشنا بووەو لە ئاستی ئۆتۆماتیزمدا مامەڵەی کردوون، لە بەرچاوی دەسڕێنەوە و سەرلەنوێ لە بڕتەی نوێدا دەردەکەونەوە، ئەمەش هەمان ئەو حاڵەتە ئیستاتیکییە بەرجەستەکراوەیە، کە ئێمە هەستی پێ دەکەین و ناتوانین بەئاسانی لەبارەیەوە بدوێین!

بەم شێوەیە ئەو کەمەڵە میکانیزمەی کە ڕۆمانووس لە مەزراندنی دەقەکەیدا لەڕێگەی شیعرییەت (زمانی شیعریی)ەوە گرتووییەبەر، فەزایەکی گۆڕانەوەبەندیی تایبەتی لێ کەوتووەتەوە، کە زۆرجار ئەو زمانە شیعرییەی بە وەسفی کارەکتەر و شوێن و ڕووداوەکان بارگاویی کردووە، بەشێوەیەك کە دەنگی ڕۆمانووس وەك گێڕەرەوەی سەرەکی لە وەسفەکاندا زاڵە، بێ تێگەیشتن لەم بەهایەش دیسانەوە چەمکێکی تری فۆرمالیستەکان (ڕەگەزی زاڵ) یاریدەمان دەدات بێ تێگەیشتن لەو ڕۆشنە ئەدەبییەی ڕۆمانووس پەنای بردووەتەبەر و تێیدا هونەرکاریی بەرزی خۆی نواندووە.

لە ڕوونکردنەوەو پوختەکردنی چەمکەکەی شکڵگرتنەوە (ڕەگەزی زاڵ) دوو بنەما بە هەند وەردەگیرێن، کە (تەماتشفسکی)ی هاوڕێی خستوویەتییە ڕوو و لەوبارەوە پێیوایە: بنیاتی هەر حیکایەتێك، هێزی خۆی لە دوو بنەماوە وەردەگرێت، ئەوانیش بریتین لە ژینگەی ڕاستەوخۆ- تیاژیاوی خودی نووسەر و ئەو ژینگە کەلەپوورییەی کە نووسەر دەقەکەی تیا بەرهەم هێناوە. لەم ڕوانگەوەیە کاتێك دەچینە نێو دنیای گێڕانەوەبەندیی مەملەکەتی کەلاریەوە، لەوێدا بەر ژینگەی خۆجێی گەرمیانییانەی ڕۆمانووس دەکەوین، کە ئەمیش بۆخۆی لە پانتایی بەرفراوانی ئەو کەلەپوورە ئەدەبییە کوردەواریەوە هەڵدەقوڵێ و کات و شوێن و کەسەکانی تێدا دادەمەزرێن و بەمەش وزەیەکی ئەدەبیی گەورە چێڕاوەتە هەناوی دەقەکەوە و جووڵەیەکی بەردەوام و بەردەوامیەکی لە جووڵە بە کەشی گشتیی ڕۆمانەکە بەخشیوە.
کەواتە دەتوانین لێرەدا ئەو خاڵە لەووی شێوەگەرانەی دەقەوە بچەسپێنین، کە بەهایان ڕەگەزی زاڵ لە مەملەکەتی سپیسواردا بریتییە لەو بنیاتە زمانییەی کە بەقووڵی بەنێو جەستەی دەقدا ڕەگاژۆ بووە و ڕوانینی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی لە ئامێزگرتووە، هەروەك جارێکی تر و بەگەڕانەوە بۆ تێرییەکەی (تەماتشفسکی)، تێدەگەین کە ئەم دۆخە لە گێڕانەوەی حیکایەت یان باشتر بڵێین (حیکایەتسازیی) پەیوەستەوە بەو مۆتیڤە تایبەتانەی کە یەکە زمانییەکانی نێو هەر ڕستەیەکی دەق لەقووڵاییدا لەخۆیانی دەگرن و بەمەش سەرتاپای گێڕانەوەبەندیی دەقی ڕۆمانی لێ دەکەوێتەوە، واتە دەقی ڕۆمانەکە بۆخۆی بریتی دەبێت لە مۆتیڤکی گەورەی پارچەپارچەبوو، کە هەر پارچەیەك لەوانەش بۆخۆیان پێکهاتەی کەمەڵە مۆتیڤکی تری بچووکترن، کە ئیتر ئەم مۆتیڤە بچووکترانە شیانی پارچەبوون و پارچەکردن نین و نابن، بەڵکوو لەمیانی پارچەکانی مۆتیڤە گەورەکەوە، وەك یەکەیەکی یەکگرتووی تەواو خۆیان دەردەخەن.
وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا، بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە ڕۆمانووس خاوەنی شێوازی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیەتی پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ سەرجەمی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێشووی، بەهەمان شێوە ئەگەر بمانەوێت لە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە (مەملەکەتی سپیسوار) تێ بگەین، پێویستمان بە تێگەیشتنە لە دنیابینیی (حەمەسەعید کەلاری) وەك مرۆڤ و هەمیش وەك ڕۆمانووس، بەوەش ئەو خەمە گەورەیە بەدی دەکەین،

که بەلای کەلاریيەوە هەر لە یەکەم ئەزموونی ماننووسییەوە لە کۆی خۆی ناوەو لەمیانی دووەم ئەزموندا درژەی داوەتە و خەمەکەی گەورە کردووە، بۆئەوەی دواجار لەگەی سەلیقەی گۆرانەوەسازیی سەنگینی خۆیەوە لە (مەملەکەتی سپیسوار)دا بیگەیەنێت بە ترۆپك، بەمانایەکی تر هەڵکی بەردەوامی خەم و ئازار هەر لە مەملەکەتی باوکەکان و تێپەڕین بە مەملەکەتی گورگەکان تا دەگات بە مەملەکەتی سپیسوار، سەرفەری مرۆڤکی جواناسمان نیشان دەدات، کە بەنۆو پانتایی گەورەی مەینەتییەکانی ژیاندا لەگەڵ خۆی هێناویەتی، بۆیە کاتێك هەرسێ مەملەکەتەکە دەخوێنینەوە، هەست بەوە دەکەین، کە (حەمەسەعید) جگە لەوەی وەك ماننووسێك ئامادەگیی ڕاستەوخۆی هەیە، هاوکات و لە یەك کاتیشدا بە شێوەی جیاجیا و لە شوێنی پێویستی خۆیدا وەك کەمەناس، دەروونناس و مۆژوونووسێك دەردەکەوێت، بەوپێیەی دەیەوێت لەگەی شێوازە ئەدەبییە تایبەتییەکەی خۆیەوە گوزارشت لە چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانە بکات، کە بەوپەڕی سەلیقە و وردبینییەوە دەریبڕیون و کردوونی بە ناوەڕۆکی ماناکانی، بۆیە پاش خوێندنەوەی ورد و شیکردنەوەی میتۆدگەرایانەی هەرسێ ماناکە، دەتوانین لە ئەنجامدا (حەمەسەعید کەلاریی) وەك خاوەنی سێینەی ڕمان لە ئەدەبی کوردیماندا ناوزەد بکەین.

8-8-2024

ئاری عوسمان خەیات

میکانیزمی ژیانی زمان و مرۆڤ.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

سوکرات نووسین بۆ نیگارکردن دەچوێنێ. زمان لاو وشانە پێکهاتووە، کە وێنە دەخزانەوە و لاسەر پێیکانیان وەستاون. زمان لە نووسیندا دەجوولێتەوە وەك ئاوەی لە ژیاندا بێت. بەڵام زمان لەبەرامبەر کەسان دەکات؟ هەبەتە زمان بەرامبەر هەمووان و بە کەس قسان ناکات، زمان لە نووسیندا تاکە چارێیە، بەڵام نووسین تەنها نیگارکردن

نییە!.

زمان لە گفتوگۆکردندا زیندووە، لە نیگارکردندا مردوو نییە، زیندوو بەت. بەڵام چونکە زمان هەموو شتێ ناگەت، ئیتر زمان چارێکە، نیگارێ، جەستەیە، جەستە قسان دەکات، شتەکان قسان دەکەن، مژوو قسان دەکات، توانا فەردی و کۆمەڵایەتییەکان قسان دەکەن، مردن و ژیان بە پچەان بە هەزاران جۆر قسان دەکەن... میکانیزمی ژیان مرۆڤ و زمانە، زمانێ کە دەربارەی زمان دەدوە، زمان کە دەربارەی خۆی دەدوە، هیچ شتێ لە مرۆڤ جوانتر نادەزیتەوە. (مرۆڤ بەرهەمی زمانە).

کتێبەکانی ئایین و ئەو کتێبانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێکهێناوە و بووەتە کتێبەکی پیرۆز، تابلۆکانی موسا، دە سپاردەکە، هەڵکارییەکانی تەوارات، ئینیجیل، دەقە پیرۆزەکانی قورئان... هیچ شتێ لە زمان جوانتر نادەزنەوە، بە ئەوەی دەربارەیان بدوە. بەشێکی گەورەی جوانی زمان لەوەدایە لە زەمان و سیاقە دەنووسرێ و لە سیاقێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکە و لە کاتێکی دیکە دەخوێندرێتەوە. بەردەوام زمان حەقیقەتی خۆی لە (زەمەن)ە جیاوازەکانی گفتوگۆ و دانوستاندن و گەڕانکارییەکاندا دەبینێتەوە. مرۆڤ و زمان بە هەمیشە لە سەیرورەدان.

داهێنان میکانیزمی ژیانی زمانە، دەستکاتی حەقیقی زمان گفتوگۆ و دانوستاندن و گەڕانکارییە! سەیرورە دەستکاتی حەقیقی زمانە، زمان لە ڕێگای گفتوگۆ و دانوستاندن و گەڕانکارییەوە هەست بە دەلالەتەکان دەکات، بەڵام حەقیقەتی دەستکات روداوەکان ڕاڤە دەکاتەوە! ئایا زمان دەکەوێتە کوێی حەقیقەتەوە؟

زمان دەکەوێتە ڕاڤەکردنی بە کۆتایی حەقیقەتەوە. بەو مانایەش حەقیقەت و ڕاڤەکردن هەکارن بە مانای هەتا هەتایی زمان و سەیرورە. کەواتە نە ئایین، نە زانست، نە فەلسەفە ناتوانن نهێنی ژیانی مرۆڤ کشف بکەن، ئەگەر زمان و ڕاڤەکردن و سەیرورە هاوکارییان نەکات. لەبەر ئەوەی زمان بنەمای هەموانە، ژیان بەردەوام کراوەیە.

ئەوەی تایبەتە بە هەمووان، ئەوەی تایبەتە بە مرۆڤ و حەقیقەت موکی منیشە، واتە کاتە زمان قسان دەکات، من قسان دەکەم، کاتە من قسان دەکەم، واتە مامەڵە بە کردەی زمانی تایبەت بە خۆم دەکەم، لە هەمان کاتدا ئەوە منم کە قسەی لە حەقیقەت و سەیرورەی تایبەت بە خۆم دەکەم. ئەوە تێری نیازخوازییە کە لای (جۆن سێرل) ژیانی

راستەقینەی دەگۆشنەتەوە. واتە نیازی قسەکەر بۆر لە گوتار ئامادەیی هەیە. واتە کاتە دەنگی (کات) درەنگ، واتە دەتەوە بە ماڵ بگەیەتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین قسەیەك بە تەزی لاکان (مرۆڤ بەرهەمی زمانە) زیاد بکەین و بڵێین مێژووی مرۆڤ، مێژووی هەنووکانی مرۆڤە، وەك چۆن مێژووی زمان مێژووی هەنووکانی زمانە، هەروەها مێژووی حەقیقەتیش! کەواتە نە مرۆڤی رەسەن بوونی هەیە، نە زمانی رەسەن، نە تاکە حەقیقەت، لەو بیرکەیەدا مرۆڤ دەرئەنجامی ڕاڤەکردن و زمان بەلبەڵەی زمان و حەقیقەت رووەکانی خودی حەقیقەت دەنوێنێ! بە مانایەکی دیکە ژیان هەرگیز ڕۆژە لە ڕۆژان تەنیا و بەگەرد و یەك روو نەبووە، ژیان لە خوێنی حەقیقەت و زمان و مرۆڤ جراوجۆرەکان دە و دەچێت. کەواتە کۆشەی ژیان لە ڕاڤەکردن و گفتوگۆ و بەیەکگەیشتنی بەردەوامدایە! بەڵام کیشەی مرۆڤ و زمان کێشەی حەقیقەت نییە، کێشەی سەیرورەیە. بە دیوەکەی دیکە مرۆڤ و زمان لە رووەکانی حەقیقەت جیا نابنەوە.

مرۆڤ و زمان، زمان و مرۆڤ

بەگومان هیچ بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی ڕاڤەکردن و بەیەکگەیشتن وبەردەوامیدا نییە، ئەوەی لە هەموو کلتوورەکدا جێگای بایەخ پێدانە جیاوازی بنەمای ڕاڤەکردن و بەیەکگەیشتن وبەردەوامییە، ململانێی پێکگەیشتنەوەی مرۆڤ و زمان، ڕاڤەکردنی زمان و مرۆڤ، دینامیکیەتی پێکگەیشتنی مرۆڤ و زمان، کێشەی ڕاڤەکردنی زمان و مرۆڤ، یان بە مانایەکی دیکە ڕێککەوتنی مرۆڤ و زمان، زمان و مرۆڤ، لە ڕاڤەکردن و بەیەکگەیشتن و بەردەوامیدایە. لەڕەدا پرسیار ئەو سەنتەزە ئەوەیە ئایا ڕەزگرتنی زمان و مرۆڤ لە پێکگەیشتندا گرنگترە یان گەیشتن بە تاکە حەقیقەتێك؟

بە بۆای من پرسی مرۆڤ و زمان، زمان و مرۆڤ لانەوان ئەوەی بکەتایین و ئەوەی کە مێژووییەدا هەروا دەمێنەتەوە. جیاوازیکردن چۆن دەبێ؟ دیار نییە، مرۆڤ بکەتایین و لەسەرووی مێژووەوەیە، یان زمان مێژووییە و بەردەوام لە ڕاڤەکردندا بکەتایید خۆی دەبینەتەوە؟ مرۆڤ و زمان، زمان و مرۆڤ چوونەتەوە ناوخەیانەوە، مرۆڤی بە زمان و زمانی بە مرۆڤ لە دەرەوەی ژیاندان. بەڵام ئایا هیچ مرۆڤ هەیە زمانی تایبەتی خۆی لەگەڵ مرۆڤکی دیکە دابەش بکات، ئایا مرۆڤ لەگەڵ زمانی خۆی لەناوەوەی خۆیدا دەژی و زمان لە دەرەوەی خۆیدا دەژی؟

زمان پاشای هەموانە، لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا، مرۆڤیش..

راستە لایەنی ماددی بوونی زمان و مرۆڤ شتێکی بەرچاوە، شێوەی کتێبی رستەسازی، کە تازی لەسەر نیشتووە، بەڵام بەو مانایە زمان ئەو نییە، کە لە جێستەی خۆی دەردەچێ و دەچێتە نەو جێستەی مرۆڤەوە، بەڵکو ئەو بەرگە سرووشتییەیە، کە دەچمە ناویەوە بۆ ئەوەی لە رێگای خزینەکانی خەمۆ ببمە تاکێك لە تاکە ئازادەکانی کەمەڵەی زمان.

کەواتە کەسی قسەکەر بەو مانایەی کە تاکێکە ئەو دەڵێ، کە دەیەوێت. (چۆمسکی) دەڵێت: من قسە بۆ رستەیەك دەکەم، کە بۆر لە من کەس قسەی پێنەکردووە، چونکە من ڕەزمان بە ڕێگای تایبەتی خۆم بۆ کار دەهێنم. هەبەتە یاسا پارێزگاری لە خاوەندارێتی تاك دەکات و سزای قسەدزەکان دەدات. (نیچە) لە زەرادەشت وای گوت، دەڵێت: من زارەکم نییە بۆ گوێیەکانتان.

ئەوەی مرۆڤ لە زمان بۆ خاوەندارێتی هەڵدەستێ، پرسیسەکردنی ئازادییە؟ زمان مۆکی گشتییە، فۆرمێکی کەمەڵایەتی هەیە. ئەو مانایەی، کە مرۆڤ بۆ کاری دەهێنێ، سەرەڕای شێوازی تایبەتی (من) و بۆر لەوەی مەرکی (من) و ئازادی (من)ی پێوە بێت، مۆکی کەیە. من ناتوانم شتێ بەم تەنها ئەوە نەبێ، کە یاسا و ڕەسای زمان ڕێگام پێدەدات. من بیرکەکانم دەخەمە بەتەی زمانێکی کەمەڵایەتییەوە، ئەوەی کە ئازادیم کێت دەکات، مۆکی کەیە. قسەکەر ناتوانێ هیچ بەڵێت، تەنها ئەوە نەبێ، کە هەڵوێستی مێژوو، یان کە ئازادی بە مانا بەرفراوانەکەی ئەو سەردەمە، کە تێیدا دەژیت، ڕێگای پێدەدات. مرۆڤ لە میانی خۆی و ئازادی و نەسەقێکی کەمەڵایەتییەوە قسان دەکات.

کەواتە لەنێوان زمان ڕووت و تاکئامێز، مرۆڤ بەر لەوەی بیر بکاتەوە لەسەریەتی بەیار بدات کەوا بۆ شێوەیێکی شاعیرانە لە ماڵی زماندا نیشتەجێیە. مرۆڤ زمانی پێشیووە، مرۆڤ بەرهەمی زمانێ، زمان ئازادی مرۆڤ دەکێشێ و مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوە قسان دەکات، بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکەوێتە نەو خەیاڵی زمانەوە. بەڵام ئایا کەسی قسەکەر چۆن ئەوە دەڵێ، کە دەیەوێت، واتە چۆن بۆ شێوازی ئازادانەی خۆی دەدوێت؟!

ئەگەر زمان سروشتی بێت، کەواتە مرۆڤ بەرگی ئازادی و سرووشتی پێشیووە، چونکە زمان فەزایەکە لە ئازادی، ئازادیش خودی بوونێ، مرۆڤ لەو بوونەوە دەڵسکێ!! ئەگەر ئازادی بوونی نەبێ، کەواتە مرۆڤ و جیهان دەکەونە بەندەوە. داهێنان بوونی دەکەوێتە تەگەرەوە، بۆ

ئازادی تاك ناتوانێ بە داهێنان هەستێت، هەر لە ڕەگای ئازادییەوە دەتوانین بەو تەعبیرەی (هەدرین) بگەین، کە زمان گوڵی دەمە.

حەقیقەتی بوونی مرۆڤ جگە لە حیکمەتی داهێنان و جوهەری ئازادی شتێکی دیکە نییە. کەی ئەو بیرکەیەش قەرزاری چەمکی خەیاڵی زمانەوانییە. خەیاڵی زمانیش بە مانا جوهەرییەکەی شیعرە، لەڕەوە زمان قسان دەکات، پارێزگاریکردنە لە سرووشتی ئاسمی شیعر، مرۆڤیش شیعرێکی خودایە.

کەواتە ئەگەر لە بارەی زمان گوڵی دەمە، وەك ئەوەی کە مرۆڤ شەواز بەپەی تەگەیشتنی زمان، یان لە فشەڵی تەگەیشتن دروست دەکات، هانا بە (ژیل دەلەز) بەرین، ئەوە هەر شەوازێك بە خەی زمانێکە، فرە زمانی مرۆڤ کە دەکاتەوە. بە نموونە: تە وەك باوك شەوازێك دەدوەیت، وەك کاسبکار شەوازێکی دیکە… بەو مانایەش مرۆڤ لە فرە زمانی و هاوئاهەنگییە مەرجی بنەڕەتی ئازادی دەسازێنێ. تە ڕەزانە بەردەوام بە چەندین شەواز، (یان وەك دەلەز دەڵێت بە چەندین زمان) قسە دەکەیت، خودا لە شەوەی مرۆڤەوە قسان دەکات.

مرۆڤ بە زمانەوە مرۆڤە

زمان ماددییە، چونکە دەنگە. مرۆڤیش ماددییە، چونکە دەنگدانەوەی سەیرورییە، دەنگ قابیلی ئەوەیە بڵێتە هەڵشە، هەروەها دەنگدانەوەی سەیرورش. زمان و مرۆڤ لە چوارچێوەی ئایکۆنکانەوە خەیان دەردەخەن. جیهان پابەندە بە مرۆڤ، زمان، کە لە ڕەگای سەیرورە، دایکەوە یان بە مانا (ئەگستین)یەکەی لە ڕەگای خوداوە بەرجەستە دەبە (زمان تاقە ئامرازێکە خودا بە مرۆڤەوە دەلکێنێت) ئەو تەزە لە ناونانی شتەکانەوە ڕەگا بە زمان، مرۆڤ دەدات، بڵێتە دەرەوەی بوون! زمان لە ڕەگای مەدلوولەکانییەوە دەکەوێتە دەرەوەی بوونی خەیەوە، مرۆڤ لە ڕەگای ناونانەوە دەکەوێتە دەرەوەی بوونی خەیەوە. کەواتە کە خودا ناوەکان فەری مرۆڤ دەکات، ئەو کاتە زمان لە مرۆڤدا دەسکە و ئەو کاتە زمان ملکەچی چوارچێوە وێنەییەکان دەبە!

لەڕدا ئەگەر حەقیقەتی زمان لە ناوەکانەوە، یان بە مانایەکی دیکە لە زمانی (دایك)ەوە ملکەچی چوارچێوە نیگارەکان بە و دواجار چوارچێوەی نیگارەکان یاسا و ڕسایەك بەسەوی بەرێت، ئەوە داهێنان لە سەر نەودژی نەوان پاکێتی دایك و پیس بوونی دایك وەستاوە.

بە کورتی زمان و مرۆڤ بەردەوام لە ڕەگای (پارێزگاریکردن) و (پیسکردن) بە کرداری گفتوگۆکردن و ڕاڤەکردن و بیەکگەیشتن،

گەڵانکاری و بەردەوامی دەنوێنن، هەر لە ڕۆگای ئەو کردەیەشەوە مرۆڤ لە زمانەوە گەشە دەکات و بەردەوام پێشدەکەوێت. ئەگەر پارێزگاریکردن لە ڕووتی زمان دیدەکی گشتی و بێگۆ نەویستی خەیاڵی وشە و وێنەی هەرائامێز بنوێنن! ئەو دیدە هاوگونجانەکی ناجێگیر لە نێوان تاك و کۆ دروست بکات و دواجار بکارهێنانەکان ئەوە بێ، کە بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە بەر چاو. ئەوە پیسکردن دەکەوێتە دووتوێی سەیرورە و هەمیشە لەسەر خوازەی دایك خەی نوێ دەکاتەوە.

لەڕەدا لەنێوان پارێزگاریکردن و پیسکردن، دەشێ بڵێین زمانی مرۆڤ بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە! واتە لە مرۆڤ و زماندا شتەك نییە پێیبگوترێت واقیعی جێگیر، بەو مانایەش جیاوازییەکانی گفتوگۆکردن و ڕاڤەکردن و ململانێی بەردەوامی پێکگەیشتنەوەی مرۆڤ و زمان، ناوەکی دیکەیە بە جێگیرنەبوون و سەیرورە.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

هەولێر 6/7/2024

وڵامێك بە پیاوە میانەوە ئیسلامییەکە, لەسەر پرسی جینۆسایدی ئێزیدی.. عەلی مەحمود محەمەد

بەهۆز کاك ئەبوبەکر کاروانی وتارەکی بەناوی "ڕەی نوخبە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و قووڵکردنەوەی پەکەوە ژیان", لە تەڵەکەمەلایەتییەکان بەاو کردەتەوە سەبارەت بە پرسی کوردە ئێزیدییەکان , لەسەر وشە بە وشەی بابەتەکەی سەرنجم هەیە, لە من تەنها دەچمە سەر ئەو بەشە کۆمانەی تایبەتن بە پرسی نکۆیکردن و داوای لێبوردن کردن و دان نان بە ڕاستییە مێژوویییەکان.

بەهۆزی لەم وتارە دێیەوەت لە چوارچێوەی گوتاری ڕێنوێنی و دڵداری

لە نەوان زاهم و مەزڵوم راستیەکان مژووییەکان زیندە بچاە بکات, بەناوی پکەوە ژیان لە ئەسڵی بابەت لکەینەوەی وردی مژووییو و هەوەستی یاسایی لەسەر ئەو پشڵکاریە زقانەی لە رابردوو رویانداوە خی لاداو هانمان دەدات بە باسنکردن و شاردنەویان.

لە سەرتاسەری جیهاندا نکەیکردن لە تاوان, دانان بە راستیەکان و داوای لبوردنکردن و قەربووکردنەوە بوونەتە چوارکوچکەی ململانەی نەوان گەلانی قکراو و گەلانی قکەر, یان وەتانی داگیرکەرو وەتانی ژر دەست, یاخود ئاینی زرینەی زاە و پکهاتەی ئاینی کەمایەتی, لەم نەوەدا تەنها ئەمانیایە هندك هنگاوی پراتیکی باشی ناوە. جیهانی نوە هشتا قرزاری رابردووە, قرزکان دەبەت بدرنەوە, راکردن لیان محاەە.

کاك ئەبوبکر کاروانی لە نووسینکیدا دەەەت "دووپات کردنەوەی باسی حفتا و دوو فرمانی قکردن دژ بە یزیدیەکان لەمژوودا، ك لەسەر زاری هندە نوخبەی یزیدی و دەرەوەی ئەوانیش لە ناوندە عەلمانییە کوردییەکەدا، بکارکی ناەاست و دژ بەبەرژەوەندی یزیدیەکان و پەویستیەکانی پکەوە ژیانی ئاینی لە کوردستاندا دەبینم.

چونکە جگلەوەی هروك وتمان بکارهنانی وشەی قرکردن هەەیە وە ئگەر ئیرادەیك بە قکردنی یزیدیەکان لە مژوودا هبووایە هرگیز توانای بە گری لە خکردنیان ندەبوو،..... ــ لەرشەوە شرکان دژبەوان بشەویکی گشتی دەچنە چوارچەوەی ئەو شرە زرو زبەندانەی میرنشین و مەملکەتە موسەمانکان لەناوچکە پش ئەوان دژ بەیك کردوویانە باهندە جار هاوشەوەی سوود وەرگرتن لەمزهەب بە نەو موسەمانان خیان سوود لەوەرقەی ئاینی وەرگیرابەت" ـ

دەبینین بە ناوی بەرژەوندییەوە رگا لە گفتوگ لەسەر مژوو هەسەنگاندنی رابردوو و گەاندنەوەی ماف دەگرەت, ئمە پشڵکاریکی زقە بەرامبر بە قوربانیان, هرچندە لە سەرتاوە یکگرتووی ئیسلامی کششی زریان کرد وشەی ئنفالیش لە فرهنگی سیاسی کوردستاندا بکار نهنرەت بەام سرکەوتوو نبوون.

بە ئاشکرا لە نووسینکیدا ئزیدی بە کورد نازانەت کە دەنووسەت ئزیدیەکان و کوردە عەلمانیەکان, هاوکات کوردە عەلمانیەکانیش بە موسەمان نازانەت, چونکە دەیتوانی بنووسەت کوردە ئزیدیەکان و

کوردە عەلمانییە موسڵمانەکان, ئەو ڕەکەوت نییە کاك کاروانی نووسیویەتی بەکە باوەڕی, هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی نییە تێگەیشتنە.

لە جێگایەکی دیکەی پەڕگرافەکەی سەرەوە دەبینین ئەو هاشا لە بوونی جەنگەکان لە مێژوودا ناکات دژ بە ئەزیدییەکان کە بە فەرمان ئەنجامدراون, بە سەرجەم پەلامارەکان فەرمان دەرچووە بە ئەنجامدانیان, هەموویان جەنگی نا هاوسەنگ بوونە, هەمیشە کوردە ئەزیدییەکان دەڵاو بوونە و ئەنجام ڕێژەیەك لە دانیشتووانیان بە کوشتن و بە کەنیزەك و کۆیلە کردن و گەینی ئاین لە دەست داوە و بەشەك لە خاکیان کەمبەتەوە, لەدوای هەر فەرمانەك لاوازتر بوونە لە پێش فەرمانەکان, فەرمان بابەتی سەرکییە لە مانفیستەی جینۆسایدی ئەزیدی.

بە ئەو جەنگانە فەرمان واتا بەیاری بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی لە وەڵات کە خەلیفەی عوسمانییە دەرچووە, مانفیستەی جینۆسایدەکە فەرمانەکان بوونە, چەن مانفیستەی جینۆسایدی ئەنفال بەیاری 4008 ە, ئەو کەمەکوژییەکان لە فەرمانی خەلافەتی عوسمانی و بەیاری دەسەلاتی سوفەوی دەکاتە کاری میرو مەلەکەتە ناوچەییەکان, ئەوانیش کورد بوونە, تاوانەکان لە کۆە عوسمانی و سوفەوی و بەغدا دەکاتەوە بە ئەوەی پیرەزییان بپارێزێت خەلافەت نەبێتە جینۆسایدکەر, بەمەش زیاتر کوردی تەوە دەگلێنێت, عوسمانی و سوفەوی و بەغدا پاك دەکاتەوە لە تاوانەکان, لە کاتێکدا بەیارەکان لە ئەستانەو پایتەختەکان دیکەوە دەرچوونە, زەربەی فەرمانەکان ئەوان خەیان جەبەجێیان کردووە, لە بەی ئەوەی بنووسێت هەموو دەڵێت هەندە جار سود لە مەزهەب و ئاین وەرگیراوە, بەڵام مێژوو دەڵێت هەموو جارەکان کێکی لە وەر گیراوەو بە فەرمان تاوانەکان ئەنجام دراون, خودی فەرمانەکان پیرەز بوونە و لادان لەی سزای دنیاو ئاخیرەشی هەبووە.

کاروانی مافی وەبیرهێناوەو قسەکردن و هەڵسەنگاندنی رابردوو لە ئەزیدی و نوخبەی بەناو عەلمانی کورد دەسەنتەوە, لە کاتێکدا نووسەرانی ئەو بوارە کونج و کەلەبەری مێژوو دەپشکنن و خوێندنەوەی بە دەکەن, رابردوو بێتە تاقیگا بەیان, چونکە جینۆسایدکان هەموو لە رابردوون بە هەڵسەنگاندن و پشکنین.

دان نان بە جینۆساید بەش بەش نییە پاکەجێکی جیهانییە, بە پێی یەك پەوەرو بنەمای جیهانی جێی تاوانەکان لەسەرتاسەری جیهان دیاری

دەکرێت, ناکرێت یەک جۆری تاوان دژ بە پەکهاتەیەک جینۆساید بێت بەرامبەر پەکهاتەیەکی دیکە رووداوەکی عابر بێت, بە گەلەک بە دیکەمێنت بکرێت, بە گەلەکی دیکە قسەکردن لەسەری زیاندار بێت و باسکردنی بقە بێت, لەم روانگەیەوە ئەرکی هەموو نووسەران و لەکۆڕانی جینۆسایدی کوردە هەوەستی خەیان لەسەر پرسەی جینۆسایدکان رابردوو و ئێستا دەربڕن, لە دارفۆرەوە تا غەزە و ئەرمینیاو هەلەکەست, کەش پێی ناخۆش کەیفی خەیتی.

کاروانی لە پەڕە گرافێکی دیکەدا دەڵێت: " هەموو بیرکردنەوەیەک دەربارەی ئەوەی ئیسلام وەک ئایین لەگەڵ قەکردن و پاکتاوکردنی یەزیدیەکاندا بووە، قسەیەکی ناڕاست و خەرافی وناواقیعی و نامۆڕوویە. چونکە پەکهاتەیەکی ئایینی کەمینەی وەک ئەوان، لەنەو دەریایەک موسڵماندا، گەر ئیرادەی قەکردنیان بە کردەوە هەبووایە، دەمەک بوو شتە بە ناوی یەزیدیی، لانیکەم لەم ناوچەدا بوونی نەدەما و چارنووسیان هەمان چارنووسی موسوڵمانانی ئەندەلووس دەبوو دوای فەرمانی قرکردنیان لەلایەن کەنیسەی کاسەلیکییەوە. بوونی فتوایەک و رەفتاری خراپی میرە یاخود کاربەدەستەک لەرەولەوە، ئەم ڕاستییە مۆڕوویی و واقیعییە ناشارێتەوە. خودی روحییەتە ئیسلامیە بنەڕەتییەکەو باوەری بەفرەئایینییش، کارەکی کردووە، هەموو ئەوشتانە کاریگەریان کاتی و سنووردار بێت و سەر نەکەشێت بە قەکردن وپاکتاوکردن.".

لەمەشدا کاروانی کەوتە هەڵەی هەنانەوەی نموونە, ئیسلام لە ئیسپانیا وەک فەرەنسایە لە جەزائیر, بەڵام ئەزیدی لەسەر خاکی ڕەسەنی خەیانن وەک عەرەب لە فەڵەستین, خاوەنداری ئەزیدی بە کردستان بەگەی حاشا هەڵنەگرترە لە عەرەب بە فەڵەستین وەک مۆڕوو, ئەوان خاوەند خاکن نەک میوان و هاتوو, هەردولایان جوگرافیاکەیان زەر فراوانتر بووە لە ئێستا, نموونەی نزیک ئەزیدی ئیمارەیان لە حەریر و زاخەو بەردەڕەش هەبووە, ئێستا یەک ئەزیدییان تێدا نییە, هەرچەندە لای من و کاك کاروانیش ئامارەکی ورد نییە بزانین ڕۆژی ئەزیدی پێش فەرمانکان چەند بوونە لە کوردستان لە چاو سەرجەم دانیشتوانەوە و ئێستا چەندن؟, قەڵەمەوی دەسەڵاتیان تا کوێ بووە؟ ئێستا چەندە؟, بەڵام دنیام لە عەرەبی فەڵەستین زەر زەر خراپتریان بەسەر هاتووە.

کاروانی درێژەی پە دەدات و لە پەڕەگرافێکی دیکە دەڵێت :"پەویستە لەم ڕووەوە یەزیدیەکان بگەنەدەن ئەوان بکرێنە کەرەسەی ناوەندە عەلمانییە تۆندڕەوەکەی کوردستان بە دژایەتیکردنی ناسنامەی

ئیسلامیی مژوویی زرینەی موسومان.".

قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە مژووییە پێوەندی بە دژایەتی زرینەی موسومانانەوە نییە, داننان بە رابردوو دژایەتی نییە, بەڵکە هەنگاوی راستییە بۆ قەرەبووکردنەوەی رابردوو, راستکردنەوەی هەڵەی مژوو, دان نان دوژمنایەتی نییە راستکردنەوەیە, ئەم بابەتە پێوەندی بە دان نانە بە حەقیقەتی تاوانکاریی و باپیرانی ئەم بەشداریان تێدا کردووە, پێویستی بوویە مژوو وەك خۆی بخوێنرێتەوە دان بە حەقیقەتی یاسایی ئەو پشتڵکاریانەدا بنرێت ئەگەر بە بەگژ هەبن و ماف بە قوربانی بگەڕێنرێتەوە, لە ڕێگای راستکردنەوەی مژووەوە کۆتایی بە ناشرینییەکانی ماوەی بەسەر چوو بهێنرێت, وەك چۆن ئەم خەمان داوا لە عەرەب و فارس و تورك دەکەین و وەك چۆن ئەرمەن دەیەوێت و وەك چۆن گەلە قەکراوەکانی جیهان دەیانەوێت و لە بەرامبەریشدا لایەنی بەرامبەر زریان بەشەوەی بەڕێزت نکۆی دەکەن, واتا نموونەکەی بەڕێزت لەناو هەموو ئەو گۆڕانەدا هەیە کە گروپەك ئەو داوایەیان لێیان هەیە, نموونەکەی ئەمش نموونەی هادی عەلەوی و ئەرهان باموك و کازم حەبیبە, لە پاڵ دان نان بە داستییەکان داوای لێبوردنیش دەکەین.

مەسەلە لەردا ململانەی عەلمانی و ئیسلامی نییە, مەسەلە ویژدانی و یاسایی و راستییە لە بەرامبەر نکۆیکردن, داکەکی لە تاوان, شواندنی راستییەکان, هەمیشە لەناو ئەو گەل و ئاین و ڕەگەزانەی پشتڵکارییان کردووە ململانەی دەرونی ناوخۆیی لە نەوان دەستبژێری پشتیوانیکەر لە زرلە َکراو کەسانی نکۆیکەر هەبووە, لە بابەتی ئاینییدا ئینکاریکردن بەرگی پیرزیشی لەبەر کراوە.

دەشێت ئەوەی ئینکاری تاوان بکات نەتەوەییەکی عەلمانی تونددە و بێت, یان چەپڕەو بێت, بەڵام ئەوەی دەیکات تاوانبارە ناسنامەکەی هەر چییەك بێت.

ئەمەی بەڕێزی باسی دەکات وەك ئەوە وایە دان بەوەدا نانێین ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە ئێستا دەیکات جینەسایدە بێت, یان ئەوەی حەماس لە 7ی ئۆکتۆبەر کردبێتی جینەسایدە بێت, بەڵام خوێندنەوەکان و پەڕە جیهانییەکان دەیسەلمێنن هەردووکی جینەسایدن, ئیتر کاروانییەکانی هەر دوو نەتەوە چی بڵێن با بڵێن.

پاشان کاك کاروانی لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت"لە 99/ و زیاتری موسومانانی کوردستان، دژی داعش بوون. بەڵێ کارەکی هەڵە و

نامەنهجییە کەمینەیەکی لادەر بکرێنە نوێنەری ئیسلام، تەنها لەسەنگەی بەرزکردنەوەی دروشمی ئیسلامییەوە، ئەو لەسەدا نەوەو نەوزیاترەو ئەوانەی بەپیر ئاوارەکانەوە چوون و ئەو پشمەرگە موسوڵمان ونوێژکەرانەی دژی داعش جەنگان و بشکێشیان شەهید بوون بکرێن بەنموونە وسەرمەشق! هەبێت ئەمبە ناوەند عەلمانییە تونددەوە کوردیەکەش ڕاستە.".

نازانم کاك ئەبو بکر ئەم ئامارانەی لە کوێ هێناوە؟, چ دەستگایەك و ناوەندێکی زانستی ئەنجامیان داوە وە کێی؟, ئاگای لە وتارەکانی دکتەر عەبدوالواحید و حرنگەی پێکەنینی بشداربووی پێش نوێژیەکەی ئەو دەیان و سەدانی وەك ئەو هەیە؟, تەنانەت بانگواز دەکات کاریان پێ بکەن دواتر بە ڕابواردنەوە کرێیان مەدەنە؟, ئەوەی ئەو دەیێت هیچ ڕەگەزپەرستێك لە جیهاندا نەیووتووە و نەیکردووە, ئەمە لە هەر وڵاتێکدا بوایە ئەستا لە کونجی زیندان بوو, ئاگاداری تێکەڵایەتییەکان هەیت؟, ئاگاداری شێێێی جنۆ و سوکایەتییەکان هەیت؟, بەڵێ لە دەرەوەی داعشیش کەمینەیەك زۆر لەو ڕێژەیە زیاتری ئاماژەی پێدراوە لە کەڵەگای کوردستان هەیە تا سەر ئەسك دژ بە پێکهاتەی کوردی ئەزیدین, لە ڕەگای مینبەرەکانەوە زیاتر دنە دەدرێن, لە زووکەشەوە زۆر دیاردەی ئاپارتایدانە لە دهۆکەوە باس دەکرێت دژ بە پێکهاتەی ئەزیدی لە نەکەینی ماستایانەوە تا بایکۆتکردنی کارکردن پێیان.

باشە ئەگەر داعش نوێنەری موسوڵمانان نەبێت, منیش پێم وایە نە داعش و نە پارتەکەی کاك ئەبو بکر قەت نوێنەری ئیسلامەکەی نێنکەکانم نین, وە نە کابرای شەشەش نوێنەری ئەزیدییەکان, دە وەڵامی دوو مامۆستای منبەرەکانیش بدەرەوە ئەوانەی پێلاماری سەرجەم ئەزیدییەکان دەدەن, مەگەر ئەوانە هەر یەکگرتووە و کەڵە و بزووتنەوەی ئیسلامی نین, ڕەکخستنیش نەبن لایەنگرو دەنگدەرن.

ئایا پارتەکەی کاك ئەبو بکر کاروانی وە پارتە ئیسلامییەکان دیکە ئەوەی لە شەنگال ڕویاندا بە جینۆسایدیان ناساندووە؟, ئایا ئەو ئاگادارە کە جینۆسایدی ئەزیدی لە پەرلەمانی کوردستان تەنها نزیك 80 دەنگی هەنایەوە لە کەی 111 کورسی پەرلەمان؟, ئەمە لەناو دەستە بژەردا وابێت لەناو خەڵکدا چۆن؟, دەزانی ئەوانەی دەنگیان نەدا کە بوون؟.

دواتر ئەوانەی داکۆکیان لە ئەزیدی کرد گەریلاکانی پکك بوون؟, لەو چەرکە ساتە کەسیتر نەبووە, ئایا ئەوان پشمەرگەی موسەمانی

موحەمەدین؟.

دواتر کاك کاروانی دەنووسێت:"خۆشبەختانەش ئەمڕۆ چاوپێکەوتنی قاسم شەشێیی بە ناردم کەنوکولی لە لەدوانەکەی دەکات و دەڵێت ئەمە پیر و گەورەکانمان فەریان کردووین ڕەز لە ئایین و لەوانەش ئیسلام وهەستی ئایینی موسڵمانان بگرین، لەدوانەکەی منیش شۆنراوەو من باسی توندڕەوی ئیسلامی و داعشم کردووە کەناوی محەمەد بە کار دەهێنن بە لەدانی ئەمە، نەك ئیسلام و موسوڵمانان کە پێزم بۆیان هەیە و چاکەی ئەوان لە کاتی ئاوارەبوونمان لەبیر ناکەین.. هتد. کەفەرمکی داوای لێبووردنە.".

چی دەبێت ئەمەش وەك شەشە فەری داوای لێبوردنکردن ببین, با لەمەدا چاو لە شەشە بکەین, خە شەشە خەرمانی بە کڵەی سەری باپیرانمان دروست نەکردبوو, خە خاکمانی داگیر نەکردبوو, خە کچمانی بە کەنیزەك نەکردبوو, خە سەرکردەمانی نەکوشتبوو, خە فەرمانی بە جینسایدکردنمان دەرنەکردبوو؟, بە تە چەندە خۆشبەختییە داوای لێبوردنەکەی ئەو کە کاری مرۆقی راقی و هەستدارە, بەهەمان شێوەش ئەمەش بەرز بینەوە بە ئاستی مرۆقی سەردەمی داوای لێبوردن کەر, مرۆقانەك دەتوانن داوای لێبوردن بکەن رزگاریان بووبێت لە رق و کینە و خە بەزل زانین و کێڵەی داب و نەرێتی شێانگێزی.

دواتر کاروانی دەڵێت:"دوایی من سەردانی ناو پەرستگای لالشم وەك شوێنەوارێکی مێژوویی کرد، ".

لەرەدا کاك کاروانی وەك گۆشتیاری بەناو لالشدا سوراوەتەوە نەك جگایەکی پیرەز بێت, ئەمە دان نەنانە بە پیرەزی جگاکە, پیرەزو موقەدەسات هەموو پێویستن بە مێژوو و کولتورەوە, هەر ئاینەك هەزار بەڵگەی ناوخەیی هەیە بە پیرەزی جگاکانی, ئایا ئاسایێ لای تە کەمەك پیاوی ئاینی جیا بە گۆشتیاری بچن بە ناو شوێنە موقەدەسکان موسڵمانان بەناوی گۆشتیارییەوە؟, باشتر نییە ئەو جگا موقەدەسەی ئەو لای تەش جگایەکی ئاسایی نەبێت و ڕەزلگیراو بێت ؟.

لە کەتایدا دەڵێم ژیری ئەوێیە بە دوای راستییەکاندا بگەڕێین, لە پێشدا مێژوو نووسانی لە هەردوولا پشکنین بە روداوەکان رابردوو بکەن, دواتر پسپۆرانی یاسای لەکەڵینەوە لە روداوەکان بکەن, ئەوجا دەست بە قەرەبووکردنەوە لە داوای لێبوردنەوە بە هەڵگرتنی پێکەری

ئەوانەی دەستیان لە تاوانەکان هەبووە ئەگەر هەبن, مەنمەنت بە قوربانیان دروست بکرێت بەشداری راستیان لە حوکمەانی کوردستان پێ بکرێت و لە بواری پەروەردە گرنگییان پێ بدرێت.

جینەسایدکردیەکە هەر دووتێکناسنامەکەی چی بێت هەرچ بەهانەیەکیشی هەبێت بیکات جینەسایدە, ئیتر نەتەوەیی بێت, عەلمانی بێت, ئاینی بێت یان مارکسی, دەزانم ئەمانە بە کاك کاروانییەکان گرانە بەلام راستییە ئەمرە یان سبەی دەبێت بکرێت.

ئەزیدی کورد بن یان کورد نەبن, چەن پشتیوانی موسەمانەکانی بەرما, عەرەبەکان غەزە, بەسنییەکان سربیاو جووەکانی هەلەکەست, ئەرمەنەکان , جەزائیری و هیندییە سورەکان, نامیبیا و شیلی و گواتیمالا و کەمبەدیا و دارفەر و ...ین و ناسینی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان کراوە بە جینەساید بەشکە لە مرۆڤ بوون و ئەرکەکی ویژدانییە بەمان, بە هەمان شێوە داکەکی لە ئەزیدییەکان و رێتکردنەوەی تاوانەکان رابردوو و قەرەبووکردنەوەی معنەویان لە داوای لێبوردنەوە تا دروستکردنی مەنمەنت ئەرکەو نکۆی کردن بە تایبەت لە لایەن کەسکەوە شارەزایی یاسایی هوشیاری مەژوویی هەبێت تاوانەو سزای لەسەر لە زەر وەات.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بەم کاك ئەبو بەکر کاروانی میانەوی نزیك لە ناسیەنالزمەوە ئەمە هەوەستی بێت, تونددەوەکان دەبێت چەن بیربکەنەوە, بەشك لە دکتەر چاکتر بیرناکەنەوە, داعش لەو جەگایانەی دەسەاتدار بوو وانەی مەژووی لە خوەندنگاکان یاساغ کرد, دەرگای بە وەی مەژوودا داخست, ئەمەی کاك کاروانیش دیەوێت قسە نەکردنە لە مەژوو.

عەلی مەحمود محەمەد

_____

وتارەکەی بەنز ئەبو بەکر کاروانی:

https://westganews.net/drejaWtar.aspx?NusarID=76&Jmara=8583

گەر زنجیرەکان بیانتوانیایە قسەیان کردبا.. شیعری : عارف قیقار(*).. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدولا سەرمان(مەشخەڵ)

(١)

کەمەندگەی نایکسان

ئەگەر ڕاستت نەبوو بە پەوانەکردنی هەژاری
ئەوا هەژاریت نییە و
کەمەندگەیەکی بە چینایەتیت لە وەاتدا هەیە

ئەگەر کەسک نەبوو
جەماوەری بەرین بچەوسێنەتەوە
ئەوا یەکسانی چینایەتیت لە کەمەندگەیەکی بە چینایەتی هەیە

ئەمش ناهاوسەنگییە و
نایەکسانییە لەنێوان زەرینە و کەمینە

کەمینەیەک کە لەسەر ئارەق و ڕەنجی زەرینە دەوڵەمەند دەبە
ئەو هەژاربوونەی زەرینەش
چینەکانن
دەوڵەمەند و هەژار و
کەمەندگەی نایەکسانییە.

(٢)

سەرمایەداری و هەژاربوونی زەرینە

وەکچەن ژیانکردن پەویستی بە خواردنە
تا بژێت و گەشە بکات
سەرمایەداریش پەویستی بە هەژاربوونی زەرینەیە
تا بژێت و گەشە بکا

وەکچێن ماسی پەویستی بە ئاو
تا بژێت و گۆش بکا
سەرمایەداریش پەویستی بە چەوساندەوەی زەرینەی کەمەگەیە
تا بژێت و گۆش بکا

کە پەویستی بە کێیە
دەوڵەمەند پەویستی بە هەژارە
یان هەژار پەویستی بە دەوڵەمەند؟

گەر دەوڵەمەند، دەوڵەمەند نەبووایە
ئەوا هەژارانیش هەژار نەدەبوون

ئێستا بڵێ کە پەویستی بە کێیە؟
دەوڵەمەند پەویستی بە هەژارە
یان هەژار پەویستی بە دەوڵەمەند؟

کۆمایەتی پەویستی بە زۆرایەتییە
یاخود زۆرایەتی پەویستی بە کۆمایەتییە؟

کە زۆربە هەژار نەبوونایە
کۆمایەتییش کۆمایەتییەکی دەوڵەمەند نەدەبوون

بەوپەڕی سادەییەوە هەژاری بە پارەیی نییە
بەڵکو چەنایەتی ژیانی زۆربەیە
زنجیرەکانی ئابووری سەرمایەداریش
زۆرایەتی کێڵە بەرهەمدەنە

(٣)

گەر زنجیرەکان بیانتوانیایە قسەیان کردبا

گەر بیابان بیتوانیایە قسە کردبا،
پێی دەوتیت هەستی چەن دەبوو
وەختە تینووە و
هەورەکان دەبینێت و داناکەن

گەر هەژاران بیانتوانایە قسەیان کردبا
پێیان دەوتی هەستیان بەچی دەکرد
وەختە شانبەشانی دەوڵەمەندان
لە هەژاریدا و لێیەک شاردا پێکەوە دەژین.

گەر زەرایەتی کەمەگە بیتوانیایە قسەیان کردبا
زنجیرەکانی هەژاری
پێیان دەوتی هەستیان بەچ دەکرد
کاتە لەلایەن کەمایەتییەکی
جیاواز و دەوڵەمەند و دەستبژێر حکومەانی دەکرێن

گەر زنجیرکراوەک بیانتوانایە قسە کردبا
لەی دەپرسیت، ئاخە دەتوانیت دوای مردن
زنجیرەکان لە پەکانی تووند بکرێ.

(٤)

ئازادی

هەزاران هەزار تەمان چاند
بەهام گوڵەکان
گوڵی ئازادییان نەگرت

هەزاران هەزار هەنگاومان هەڵهێنا
بەهام ئازادی نەهاتە دەمان

هەزاران کەت و زنجیرمان پسان
بەهام هەشتا زیندانین و
خە دەبینین
وەین بەدوای ئازادیدا

هەزاران هەزار هەکارمان ێیز کرد
کەچی ئێستاش ناتوانین
وەامی ئەو پرسیارە بدەینەوە
بەچی ئازاد نین، ئازادی.

(٥)
ەنگەکانی شەش

سوور
ەنگی خوێنە
ئەو خوێنەی
کە ژاندمان لەپێناو شەش

سوور ەنگی ئاڵایە

ئەو ئامایەی
لەژێریدا خەپیشاندانمان کرد بە شەش

سوور ڕەنگی گوڵی شەشکانە
لەو تەیانەی کە لە جەستەی خەماندا چاند
لە پەناو شەش

سوور ڕەنگی خوێن
ئەو هەتاوەی لەژێریدا ڕەپەوانمان کرد
لە پەناو شەش.

(٦)
پەی وتم

ئەو شەشگۆشە بوو؛ خەشی ویستم
سبەینانێک،
بەدەم چرپاندنی ئەم وشانەوە جێی هەشتم
(هێژێک دەت ئازاد دەبین و یەکتر دەبینینەوە
جارێکی تر دەتوانین یەکمان خۆش بوەت
فرمێسکەکان و
پێکنینەکان و
جیهان لەباوەشی یەکتر ببینین
یەکترمان خۆش بوەت و جارێکی تر
بە هەمیشە لەگەڵ یەکتر بژین و لێکجیا نەبینەوە
وەختێک ئازادی جارێکی تر
لەم سەرزەمینە بەرقەرار دەبەت .)
ئەوجا ڕەیی
نە ئازادی بەرقەرار بوو و
هەرگیز ئەویش نەگەڕایەوە.

(*) عارف قیقار کە ماوەی ٣٣ ساڵە نزیک بە هەزار شیعری نووسیوە، دەڵێت: (من شاعیری پاکستانیم . شیعرەکانم ڕەنگدانەوەی واقیعییەتی هەست و سۆزی ئینسان و واقیعییەتی جیهانە بەو جۆرەی کە دەیبینم، تەنها ڕەنگدانەوە و داشتنی شیعریە بە ئەو نووسینانەی کە ئاوێتەی فەلسەفەن تاکوو کاربکەنە سەر زنجیرەی بیرکردنەوەت و ئینجا بیربکریتەوە کە بۆچی شتەکان بەمجۆرەن و تا سەرەنجام تەش بگەیت بە بڕیارێکی فەلسەفییانەی خۆت.
من فەیلەسوف نیم، بەڵام شیعرەکانم هەڵگری ڕوئیای واقیعی و هەستیارن. من بوونەوەرێکی کە دەبینم و بیردەکەمەوە و ئەم

بیرکردنەوەیەم لە شیعرکانمدا ڕەنگ دەداتەوە. شیعرکانم ئاوێنەی کەمەڵگە و جیهان وژیان و ئەزموونی شەخسی خەمن. شیعرکانم من بە ئامێژگاری و تەمەکردن و ڕاستکردنەوە نین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕەی ئەو کەسە بیرکردەوەیەن کە ڕەژانە بەئێقە و دە و بیروباوەڕەکی ئازادەوە بیر دەکاتەوە و هەست بە ژیان دەکات. تا لەشیعرکانم جووهەری ئەوەی کەم و بچی و لەبەرچی دەژەم و بە بوونم هەیە، نیشان بدەم.
بەنسبەت منەوە من خەم هیچ نیم، شیعرکانم شوناسی منن. شیعرە دڵشادکانم پێکەنینەکانمن و شیعرە دڵتەنگکانیشم فرمێسکەکانمن. لەهەر شیعرێکمدا گوڕێک لەدایک دەبێت. و پاشان دەمرێ و دوای مردنی هەر گوڕێک، دەبێت تۆو و ئینجا تۆوکەی دەبێت گوڵی شیعری تازە و نوێ – ڕەنگدانەوەیەکی نوێ کە من کەم – بەیە شیعر و قەسیدەکانم هەموو شتێکی منن.

شیعری : عارف ڤیقار(*)
١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

-_____

سەرچاوەکان : سایتی گۆڤاری ستراگڵ
Struggle, A Magazine of Prolitarian Revolutionary Literature
/https://www.strugglemagazine.net

هەڵنج.. شەماڵ بارەوانی

هەڵنج ڕەمانێکی فەلسەفی (٢٤٦)لاپەڕەیی (جان پۆل سارتەر ١٩٠٥ - ١٩٨٠)گەورە نووسەر و فەیلەسووفی وجوودی فەڕەنسییە و یەکەم چاپی لە ساڵی١٩٣٨لە بڵاوبووەوە.
هەڵنج یەکەم ئەزموونی سارتەرە لە بواری نووسینی ڕووماندا.
سەکەی سەرەکی ڕووداوەکانی هەڵنج شاری(بۆفۆل)و پاریسی پایتەختی فەڕەنسایە. بۆفلی شارێکی خەیاڵییە.
چیڕۆکی ڕەمانەکە باس لە کەسێکی سەیر دەکات! ئەوکەسە هەستێکی زۆر نامۆی لای دروست بووە و هەموو بوونی داگرتووە. کەسێک، هەموو شتێک

لە تەوانینیدا پووچ و بە مانایە. کارەکتەرێکی خاڵی لە ژیان، لە هەمان کاتدا پڕ لە تەزامان و بیرکردنەوەی قووڵ و نیگەرانی و قەیران و هەڕەشە.

هووکانتان، پاڵەوانی هەڕەشە، کەسایەتییەکی نامۆ. ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە خەزانکەیەوە نەماوە و هیچ هاوڕێیەکیشی نییە. کەسێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە، تەنیا و گۆشەگیر و داخراو بەسەر خۆیدا. لە جیهانێ تایبەتکۆیدا لەگەڵ تەنیاییدا لێڕەکانی ژیان بەرەو دەکات. هەڕەشەک هووکانتانی خستووەتە حاڵەتێکی نامۆ!
حاڵەتێک تێیدا هەست بەوە دەکات کە ئەو ئیدی پەیوەندی بە خودی خۆی و ئەوێتر و دەوروبەر و شوێن و زەمان و ڕووداوەکان و چووەتە دەرەوەی کات و زەمەن و ژیانەوە و جگە لە تەنیایی و ئەو هەڕەشەی نەگریسەی کە گیردەی بووە، هەست بە هیچ شتێکیتر نەکات. تەنیاییەکی سەیر" من بە تەنها دەژیم، تەنیاییەکی تەواو، هەرگیز لەگەڵ کەس نادوێم، چاوم بە دیداری هیچ شتێک ناکەوێت و هیچ شتێک نابەخشم". لەژێر پاڵپەستۆی ئازاری ئەو هەستکردن بە تەنیاییدا فشارێکی دەروونی سەخت ناوەوەی دەگوشێت و هەست بە ئازارێکی زۆری سایکۆلۆجی دەکات و عەبەسیەتی لە دەچەپێت" پەیقی عەبەسیەت ئەستا لەژێر قەڕەمکەم لەدایک دەبێت...هەڕەشە لە هەموو لایەکەوە بوونی دەوردراوم. کەوتمە سەر جگا. وام لە بەسەرهات، شوێنی بوونی خۆم پێ نەزانم. هەڕەشەکانم بینی لە دەوروبەرم بە هەمنی دەخولانەوە، ویستم بەشمەوە".

ئەو هەڕەشە و هاناوەیەی هووکانتان ئەو هەڕەشە و هاناوە فیزیکییە ئاسایی نییە کە دوای هەڕەشەکی توند فشار بێ جەستە و لایەنی فیزیکی مرۆڤ دەنێت و نەخشەکە ئەوەی خواردوویەتیەوە هەمووی دەنێتەوە و هیچ شتێک لە گەدەی خۆی ناگرێت و ئەوەی دەخوات و دەیخواتەوە فەیدەداتە دەرەوەی جەستەی.
ئەو هاناوەی هەڕەشەکی بەزەبر و بەنەکی ناخۆش و دیمەنکی بەزارکەری هەیە.
نەخێر، بەکو هەڕەشە و هاناوەکەی (هەکانتان) حاڵەتێکی دەروونی و قایرەسکی تایبەت و جیاوازە و لە قووڵایی هەحیدا لە دایک بووە و هەڕەقەوە و لەوشەوە بە ئەقڵ و بیرکردنەوەی هەڕکشاوە و دواتر بە هەموو جەستەی تەشەنەی سەندووە.
هەڕەشە و هاناوەکەی ئەو مەعنەوین و فشار لەسەر دەروونی دروست دەکەن و ناتوانێت عەبەسیەت و بەمانایەکانی ئەو ژیانە پووچەی تێدا دەژیت هەرس بکات و هەر کە بە هەگای هەزر و تەزامان و

بیرکردنەوە، خراکێکی مەعریفی و فەلسەفی و زانیاری و هۆشبریێک دەرخواردی زاکیرەی مشکی دەدات، یەکسەر هەنجی بەمانایی دایدەگرێت و دەشتەوە بەسەر هەموو بوونەدا و ژیان غەرقی شانۆیەکی مەعنەوی دەکات.
ئەو ژیانەی لە هەموو ڕوویەکەوە لێی بێزارە و بە پووچ و بەمانای دەبینێت. ژیانێک، بە ئەو لە کابووسکی تەقنەر و ترسناک زەدتر نییە!

بەو چەشنە ئەو هەنجە کوشندەر و نەگریسە عەبەسییە تکۆ بە جەستەی ڕووکانتان بووە و تشانەی سندووە بە ناو خوێن و دەمار و ڕۆح و هەموو بوونی و بە هەیوە توشی حاڵەتێک بووە کە هەست بە تەنیایی و دەگوشین و غەریبی و نامۆیی بکات و هەموو شتێک لای پووچ و هیچ بێت و بێزاریێکی کوشندەر بە هەیوە تەواوی بوونی داپۆشێت! هەنجێک، ئەو حەزەی لا دروست کردووە کە کەتایی بە هەموو شتێک بێنێت و هەموو شتێک لای ئەو بە فعلی کەتاییان هاتووە و جگە لە پووچی و بەمانایی، شتێکی تر لە دەرەوەی تەنیایی و هەنجەکەی ئەو بوونیان نییە.”ئەو هەنجە هەستکە خواستی کەتاییهێنان بە هەموو شتێکت لادروست دەکات.
یاخود ئەو بێزاریە گەورەیە کە هەموو شتێک لای بە کردارەکی کەتاییان دێت، لەو کاتەی هەست بە سووکی یاخود قورساییەکەی دەکەیت، هەنجەکە لەناو خەم نا بەتەنها من هەستی پێدەکەم، لەو، لەسەر دیوار، لەسەر بەرزاییەکان، لە دەوروبەرم، لە هەموو شوێنک. کافکە جگە لە شتێک بە تەنیا زەدتر نییە، ئەو شتەیش منم کە تێیدامە”.
بەو شێوەیە(کانتان)ی عەدەمی بە دەست گرێی هەنجەوە دەتلەتەوە و هەنجی لە هەموو شتێک دەبەتەوە و کەووتووەتە ناو تووڵی هەنجەکی کەشندەر و دەروونپەکێنەرەوە و ئاسەیەک نابینەتەوە تا لەو هەنجەدەروونییە بە ئازارە قورتاری بکات.
سەرەتای ئەو هەنجە قورس و دژوارەیش، ئەو حەزی لێیە گوێ لە گفتوگۆی خەڵک بگرێت و پشکنین بە کردەوەکانیان بکات.
بەیە بیار دەدات وەک پەژیەک دوای ئەوەی داوای لە دەکرێت پەتووکێک لەسەر ژیانی(مەرکیز دور ئەلبێن) بنووسێت و لەپاڵ ئەوشدا یادداشتی ڕۆژانەی ژیانی لە تەنووسکدا تەمار بکات. ئیدی لە شارە خیاڵییەکەی بەفڵ دەست بە نووسینی یادداشتکەی دەکات و وەک خوێنەر و لەکەرەک و بنووسک لە پارک و کافە و پەتووکخانە و مزەخانەی شاردا دەسووڕێتەوە و لە دیمەنی شڤام و مرۆڤ و ژیان دەکەوێتە تەئامان و دەنووسێت و پەداچوونەوە بە نووسینکەی دەکات

و دڵێک زیاد دەکات و دووبارە دەستەوە و هەستێکی پاڵفتە دەکات و جگەرەکە بەو چەمک و ئەو واتا دەکاوتە بیرکردنەوە بە دواتر کە دەبە چی بکات و چی نەکات.

بەو چەشنە، (کانتان) ئەو ماوەیەی لە بەفڕەل دەمێنێتەوە، لە وردودرشتی ئەو شارە و ژیان و مردڤ ورد دەبێتەوە و سەیری هاتوچۆکەران دەکات لەسەر شەقامەکانی شار و سەرنجی دیواری فرۆشگا و دیمەنی باخ و کافێکان دەدات و بە قووڵی لە هەموو جوولەیەک قاڵ دەبێتەوە.
تا بتوانێت خوێندنەوەیەکی تایبەت و قووڵ بە دەوروبەر و شتەکان بکات و قسە لەسەر تەوانین و لایەنی دەروونی و مەشک و سروشت و میزاج و حەزی مرۆڤەکان بکات و بە وردی و بابەتییانە و زانستییانە لە بارەیانەوە بنووسێت و هەموو شتێک بە لەجیکی خۆی شلۆڤ بکات و بیانخاتە ژێر نیشتەری ئەو لەژیکە هەڵەنجاویەی خۆی و لەسەر بنەمای لەژیکی بەزاری قسەیان لەسەر بکات.

ئیدی بە قووڵی ڕێ دەچێتە بیرکردنەوە، تا بیسەلمێنێت ئەو هەشتا لەو ژیانە پووچەڵایە و نامردووە."من بوونەوەرێکم بیر دەکەمەوە، کەواتا من هەم ..."
ڕووکانتان ئەوکارە و نووسین دەکات نێک لەپێناو ئەوەی مەبەست لەی نووسین بێت، نەخێر، بەڵکو تا لەو هەستە تاڵ و تەنیایە دەروونییەی کە تەی کەوتووە ڕزگاری بێت. یان هەر هیچ نەبێت ئەو خەخەریککردنەی بە نووسین، کەمێک لە باری ئازارە ڕۆحی و فشارە دەروونیەکەی کەم بکاتەوە و لە ڕۆگایەوە ڕووبەڕووی سەختی و عەبەسیەتی ژیان ببێتەوە و ئەو ئلتیهابە فیکرییەی چارسەربێت و ئەو دڵگوشینە یەخەی بەربدات.
چونکە بە ئەو نووسین هیچ بەها و پیرۆزی و گرنگییەکی نییە. ئەو هەموو شتێک لە تەوانینیدا پووچە.
بەیە ئەو وێک ئەرک و پرۆژە نووسین ناکات، بەڵکو دەیەوە لە ڕۆگای نووسین و خەخەریککرنی بەو کتبەوە، ئەو هەستە لە خۆی دوور بخاتەوە و خۆی لەو هەڵەنجە دەروونییەی ناوەوەی خاڵی بکاتەوە و ئارامی ڕۆحی و دەروونی بە بگەڕێتەوە. ئەو هەرکاتێک هەست بەوە بکات لە هەستە هەڵەنجاویەکەی چاک بووەتەوە، دەستبەرداری نووسین دەبێت و دەچێتە خەوکی ئارام و قووڵەوە و دەڵێت"دەخەوم، من چاک بووەمەوە". ئەفسووس! ئەو سەرەڕای گەران و تێکۆشەوون بە خۆک، کابووسی هەستکردن بە تەنیایی وازی لە ناهەنێت.

"دەخەکە زەر خراپە، من هەست بە خراپی دەکەم، ئەو بەزەوریە، ئەو

هەنجە، ئەو جارە شەوازێکی نوێیە، لە کافکەبووم تووشم بووێوە". ئەو هەستە ناخۆشە وای لە دەکات دوای نووسینی چەند لاپەڕەیەک، دەست لە نووسین هەبگرێت. ئەو، ئیتر نە یادداشتی ڕۆژانەی ژیانی خۆی و نە ئەو کتێبەیش کە ئەدیب و ڕەشنبیرێک داوای لە دەکات لەبارەی ژیانی(مارکیز دەر ڕەلبەن)ی ئەرستەکراتی سەدەی١٨ بنووسێت، هیچیان تەواو ناکات و بە نیوەناچڵی دەستیان لە هەڵدەگرێت. ئەو نووسینەی وەک یادداشتێکی ڕۆژانەی نووسیوێتی، لە پەڕەی کتێبەکەدا خۆی دەبینێتەوە و ناوی کتێبەکەش دەنێت(هەنجە). لەوبارێوە دەڵێت "کەمانی خەڵکی ئەو ڕەمانە دەخوێننەوە و دەڵێن ئەنتوان ووکانتان ئەوەی نووسیوە..". ئیدی ئەو یادداشتەی گشتی ژیانی ووکانتان(سارتەر)خۆی دەبێتە ئەو ڕەمانەی قسەمان لەسەر کرد.
دوای(هەنجیش)، حاڵەتە هەنجاوییەکەی ووکانتن هەر بەردەوامی دەبێت و ئەو هەنجە لە شوقامەکان، لە شار، لە کتێبخانە، لە مرۆڤ، لە نووسین و لە هەموو شتێک دەکات. ئەو هەستە ناخۆشە یەخۆی بەرنادات و جێی ناهێڵێت. سەرەڕای قورسایی دەخەکە، ووکانتان ناچار دەبێت بچێتە ژێر ئەمری واقع و لەگەڵ ئەو هەنجە خۆی ئابنێت. ئیدی دەگات بەو بڕوایەی کە ئەو هەنجە دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی و کەینوونە و ژیان و بوونی ئەو و تازە وا زوو لێی جیا نابێتەوە. "هەنجە جەم ناهێڵێت، هەست ناکەم بەو خراییە و وا زوو جێشم بهێڵێت، بەڵام چیتر بڕگەی ووبەووبوونەوەی ئازارکانی ناگرم، چیتر ئەو نەخۆشی نییە، بەڵکو ئەو منم". بە دڕچوون لەو تووڵە تاریکەیە، شاری بەفڕە بڕەو پاریس جێ دەهێڵێت و لەو دڕچێتە هەڵی هونەری و گۆ لە مۆسیقا دەگرێت، وەک دڕبازبوون لەو دەخە دڕزەخییەی تێکەوتوە. هەستەکات هونەر تاقە ڕێگەیە بتوانە یارمەتی بدات و لەو هەست و هەنجە فریای بکەوێت و ئارامی° ڕەحی و دڕوونی بە بگەڕێنێتەوە. ووکانتان دەیەوێت لە بری نووسین و بیرکردنەوە، بە مۆسیقای جاز چارەسەری هەنجەکەی و حاڵەتە دڕوونیەکەی بکات. ووکانتانی پاڵەوان وەنەبە کەسێکی ڕەشبین یاخود دژە ژیان بێت، بە پێچەوانەوە، ئەو، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستەگەڕ تا لە هەکاری ئەو دەخە دڕوونی و هەنجە سایکۆلۆجیەی کە گیردەی بووبوو، چارەسەرێک بدۆزێتەوە و ڕزگاری بێت. بە ئەمەیش کەمەڵێک ڕێگای تاقی کردەوە، وەک خوێندنەوە و بیرکردنەوە، نووسین، گشت و گۆان، دوا ینیشیان میوزیک. تا دووبارە لەو هەنجەی لێی بووبوو بە گرێکوێرە و بێ نەدەبووەوە و لێی حاڵی نەدەبوو، تێبگات. تا چارەسەرێکی بە بدۆزێتەوە و تێکڕا بە ئاوەدانی و خۆشی و ژیان ببێتەوە و ئەو نامەبوون و تەنیایی و هەنجە یەخۆی بڕبدات. ئەفسووس! مرۆڤ هەرچەند هەوڵی ڕزگاربوون بدات، سوودی

نییە وەک ووکانتان دەیەت.”هیچ سوودی نییە مرۆڤ هەنج دەوری دەدات، وا دەبینرێت ئەو چارنووسی مرۆڤ دەبەت لە ژیان”.

ووکانتان عاشق بوو و خۆشویستی هەبوو(ئانی). ووکانتان بەردەوام لەگەڵ یادگارییەکانی دەژیا و بیری لەو چرکەساتە خۆشانە دەکردەوە کە لەگەڵ خۆشویستەکەی پێکەوە بەسەریان دەبرد. ئاواتەخوازبوو بە دیداری بگاتەوە و ژوانی لەگەڵ ببەستێت. ئەو، باسی لەوکاتانە دەکرد کە خەی لە وەاتی جیبەتی و ئانی لە عەدەن بووە. ئەو لە سەرەتا تا کۆتایی چیرۆکەکە باسی خۆشویستییەکەی ئانی و یادگارییەکانی و وردودرشتی ژیانی دەکات و لەو جیابوونەوە تا و بە ئازارەی نەوانیان دەدوێت. جیابوونەوەیەک، بریندکی ساەژنەکراوی هەمیشەیی لە دەروونیدا جێهێشت و ەحی خستە ئازارەکی بە سوەی نەبەاوە و هەموو خونەکانی تەکوپێک شکاند و ئاواتەکانی لە گەڵ نا و ەەوی ژیانی گەی و گشت بەختەوەری و ئارامی و ئاسوودەیی و چژەکی ژیان لەگەڵ جیابوونەوە لە ئانی، لەی جیابوونەوە و هیچ لە کەسایەتی و بوونی نەمایەوە، جگە لە پیاوەکی تەنیا و سەرگەردان و نامە و هەنجاوی و دابەاو و گشگیر نەبەت.

ماوەتەوە بەم: هەنج بەرجەستەکەری دیدەنیگا و جیهانبینی و تەوانینە عەبەسییەکەی سارتەر لەمە بوون، گەردوون، ژیان و مرۆڤ و سارتەر لە ەگای کارکتەری ووکانتانەوە فەلسەفە عەبەسییەکەی خەی لە هەنجدا دەخاتەوو. “من، کلیلی کەینوونە و بوونی خەم دەزیەوە، کلیلی هەنجەکەم، کلیلی خودی ژیانم. لە استیدا ئەوەی لە دواییدا بە دەستم هێنا وەک ەزگاربوونێک لەو عەبەسییە سەرکیەدایە” . هەنج وەک گشتکی سەختی (ەکانتان)، گشتک، کە گوزارشتە لە ەتکردنەوەی گەانەوە بە ابردوو و لەژیکیبوونی گەردوون و ەوداو و شتکان و دووپاتکردنەوەیە لە فەوزاییبوونی وجوود و بەمانایی ژیان.

سارتەر لە هەنجدا دەیەوێت پەمان بەت لە هیچ و بەمانایی و عەدەمەوە هاتووین بە ژیانکی بەمانا و بە پووچ
گەرەتی دەوردراو بەرە و عەدەمکی بەمانا و پووچیش دەەینەوە و دەبینەوە بە هیچ و عەدەم.
هەنج پەمان دەەت، خەتان فریو مەدەن بەوەی ئەو ژیانە شونی ژیان و خۆشی و ئاسوودەیی و دەنیایە. نەخێر، هەرگیز لەم ژیانە مرۆڤ بە ئارامی و بە هەنج و دوور لە دەەاوکە و بەزاری ناژیت و ژیان بە عەبەسییەت و ئازار و نەهامەتی و تراجیدیا دەور دراوە و مرۆڤ کائینکی خەفەتناک و گشگیر و دابەاوە و تەنیاییبوون سیمایەتی و

هیچ ئایین و ئایینزا و ئایدیۆلۆژیا و فیکر و ئایدیا و فەلسەفە و زانستێک و هیچ شتێک لە توانایدا نییە ئەو عەبەسییەت و ئازار و نەهامەتییەی ژیان لابردبێت و واتا بە ئەو ژیانە پووچ و بەمانایە بدزێتەوە. ئەی چارەسەر چییە وەک حەلێکی بوونگەرایی و وجوودی بۆ ئەو وجوودەی سارتەر لای پووچ و عەبەساوی و بەمانایە؟ سارتەر لە ڕۆژگای پاڕاوانە نهلیستەکەی ڕووکانتانەوە پەمان دابڕێت، هەر هەندەمان لە دەست دێت لەو ژیانە بەمانا و پووچەیە کە لە ڕۆژگای ئەدەب و هونەر و میوزیکەوە تۆزێک ئارامی بە دەروون بگەڕێنێنەوە و گەر تاقە دەروازەیەکی قورتاربوون و ڕۆژگایەکی ڕزگاربوونیش هەبێت، ئەوە جگە لە ئەدەب و هونەر و میوزیک، چیتر نییە بتوانێت ببێت بەو هەزەی بەسەر نیگەرانی و قەڵەق وجوودییەکاندا زاڵ بێت.

"شەمال بارەوانی"

چیرۆکی ژیانی هێلین کیلەر (١٨٨٠ــ ١٩٦٨).. ڕزا شوان

مرۆڤی خاوەن پێداویستیی تایبەتی (نابینا، کەڕ، لاڵ، کەمئەندام) لە جیهاندا زۆرن. بەڵام کەمئەندامییان بە هیوای نەکردوون و خۆیان بە دەستی نائومێدی و شکستییەوە نەداوە. بە ڕکو بە هیوا و گۆشبینییەوە لە ژیانیان ڕوانیون. متمانەیان بە تواناکانیان هەبووە و درێژیان بە کێشش و بە خەبات داوە و خۆاگربوونە و کۆڵیان نەداوە، سووربوون لەسەر سەلماندنی توانا و بەهرە و ئارەزووەکانیان و سەرکەوتن و گەیشتن بە هیوا و ئامانجەکانیان. کەسایەتی ناسراو و بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوتووە، کە خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە. بە نموونە: فرانکلین ڕۆزفێلت (سەرۆکی سی و دووەمینی ئەمریکا)، لویس برایل (داهێنەری نووسینی برایل)، کریستۆفەر ریف، هێلین کیلەر، نیک ڤوجیستش، ترێشا زۆرن، ئەندریا بۆتشیلی، دکتۆر ستیڤن هۆکینگ، دکتۆر تۆها حوسین،...

هتد. لە کوردستانی ئەمشدا، دکتەر کامیل حەسەن بەسیر، سابیر کوردستانی، تارا رەسوول،... هتد.

لەم نووسینەدا بە کورتی باسی چیرۆکی ژیانی، نووسەر و رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکی، چالاکوانی سەرسەختی داکۆکیکەر لە مافەکانی ژنان و مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، مامۆستای وانەبێژ، چالاکوانی سیاسی، ئازادیخواز، ئاشتیخواز، دژی لە سێدارەدان، دژی رەگەزپەرستی، بالیۆزی منداڵانی نابینا، هەمایەکی هاندەری جیهانی منداڵان بە زاڵبوون بەسەر کەمئەندامێتییدا، هەمیشە سیمبولی خۆڕاگری و کۆنەدان و سەرکەوتن، ئیلهام بەخش و هیوابەخش بە کەسانی دەوروبەری بە تایبەتیش بە منداڵانی نابینا. ئەندامی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری چاپخانەی (برێل)ی ئەمریکی. دامەزرێنەری (رێکخراوی هەلین کیلەری نەودەوەتی). ئەم ناودارەش خاتوو (هەلین کیلەر) ە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکێک بوو لە بەناوبانگترین ژنانی جیهان. لە هاوتای هەلین کیلەر، زۆر دەگمەن لە مێژوودا.

(هەلین ئادەمیز کیلەر)، لە رۆژی (٢٧/ یەنیە/١٨٨٠) دا، لە شاری (توسکەمبیا) لە ویلایەتی (ئالاباما) لە ئەمریکا لەدایک بووە. خەزانەکایان بە رەسەن ئینگلیزی بوون. دایکی ناوی (کاترین ئادەمیز کیلەر) ە، باوکی (ئارسەر کیلەر)ە، باوکی لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە نێوان (باکوور و باشوور)ی ئەمریکادا، چووە ریزەکانی سوپای کۆنفیدراڵیی ئەمریکا و بە پلەی سەرهەنگ بوو بە کاپتن. هەلین کیلەر کە لەدایک بوو، منداڵێکی تەندروست بوو. لە شەش مانگیدا کەمێک وشە فێربوو. کە گەورەتر بوو، وەکو منداڵەکی ئاسایی لەگەڵ منداڵان یاریی دەکرد. بەڵام لە تەمەنی (١٩) مانگیدا، تووشی نەخۆشییەکی سەختی نەناسراو بوو، لەوانەیە (هەوکردنی پەردەی مێشک) یان (تای سوور) بووبێت. هەلین لەم نەخۆشییە چاک بووەوە، بەڵام (کوێر و کەڕ) بوو. بە ماوەیەک تووشی دەخەکی دڕوونی نالەبار و تووڕەیی و گرژی بوو، بەڵام توانی بەرگری بکات و بەسەر ئەم کەمئەندامییەیدا زاڵبێت، کە بە (بەرگریی پەرجە ـ موعجیزە) ناوبراوە.

ئاگەرچی باری دارایی نالەبار بوو، بەڵام دایک و باوکی سووربوون لەسەر ئەوەی، کە هەلین فێری خوێندنەوە و نووسین بێت. تەمەنی هەلین حەوت ساڵان بوو، باوکی بردی بۆ لای هاوڕێی

دەسزی خۆی (ئالیکساندەر گراهام بێل ـ داهێنەری تەلەفۆن) کە زاواکەی بووبار و مامۆستای (پێمانگای بیرکنز ـــ بۆ منداڵانی نابینا) بوو لە (بۆستن). لەگەڵ مامۆستایەکی کچ، تەمەن (٢٠) ساڵانی ئەم پێمانگایەدا، کە ناوی (ئان سولیڤان) بوو، بە مانگانەی(٢٥) دۆلار رێکەوتن، کە خوێندنەوە و نووسین فێری هێلین کیلەر بکات. ئان سولیڤان لە ساڵی (١٨٨٧ـ تا ـ ١٩٣٦) بە ماوەی (٤٩) ساڵ تا مردنی، وەکو مامۆستا و خوشکی گەورە و دایک و پەروەردەکار، لەگەڵ هێلین کیلەردا مایەوە. مامۆستایەکی بەتوانا و زیرەک بوو، گەرچی چاوکانی گزبوون و چەند نەشتەرگەرییەکی بە کردبوون.
یەکەم وشە کە مامۆستا ئان سولیڤان فێری کرد، وشەی "ئاو" بوو. هێلینی بردە بەردەم پەمپی ئاو و ئاوی کرد بە دەستیا، ناوی ئاوی فێرکرد و لەسەر پشتی دەستی بە پەنجە نووسی (ئاو) ئۆیش هەستی پێکرد و ناوەکەی وت و نووسینیشی فێربوو. هەر ئەو رۆژە فێری (٣٠) وشەی کرد. هەر لەو شوێنەدا، لە بەردەم کشکی (کاپیتول) پێکەری پەمپی ئاو و هێلین کیلەری تەمەن حەوت ساڵان بە بڕونز دروستکراوە. ساڵانە گشتیارانکی زۆر وێنەی لەپاڵدا دەگرن و بە پەمپەکە ئاو دەکەن بە دەستیاندا.
هێلین کیلەر لە ساڵانی (١٨٨٨ـ ١٨٩٠) بوو بە قوتابییەکی پێمانگای بیرکنز بو نابینا و کەڕکان. لە ڕێی زمان و ڕێنووسی (بڕێل) ی چاپ بەرزەوە. هێلین بە لەدانی پەنجەکانی لە جێستەی خۆی، وشەکانی دەوتەوە و وانەکان فێردەبوو. فێری چەنیەتی نووسین و خوێندنەوەی هەموو پیتەکان و نووسینی وشە و رستە و قسەکردن و وانەکان بوو. مامۆستا (سولیڤان) وەکو وەرگێڕ، لە پەلدا لەگەیدا بوو. زۆریش سوودی لە منداڵانی کوێر و کەڕی نەرویجی وەرگرت و لێیانەوە قسەیەکی زۆر فێربوو.

هێلین کیلەر کە بیویستایە لە قسەکانی کەسی بەرانبەری تێبگات، پەنجەکانی دەخستە سەر لەوەکان یا قۆگی ئەو کەسە و لە جووڵەی لەوەکانی تێدەگەیشت کە چی دەڵێت. ئەگەر هێلین کیلەر تەوقەی لەگەڵ کەسێکدا بکردایە، دوای پێنج ساڵ تەوقەی لەگەڵ هەمان کەسدا بکردایە، دەیناسییەوە کە کێیە. چێژیشی لە دەستدانان لەسەر موزیک وەردەگرت. بەو شێوەجۆش کە بە تایبەتی بە خۆی دروستی کردبوو، یاریی پێدەکرد.
هێلین کیلەر لە منداڵییەوە، خەونی ئەوەی هەبوو کە بچێتە زانکۆ. لە ساڵی (١٨٩٨) دا چووە (قوتابخانەی کامبریج) بۆ خانمانی گەنج، بۆ ئەوەی خۆی بۆ کۆلێژی (رادکلیف) ئامادەبکات. قەناعی

ئامادەیی تەواوکرد. لە ساڵی (١٩٠٠) دا، لە زانکۆ وەرگیرا. لەو کاتەوە کە قوتابی زانکۆ بوو، دەستی بە نووسینی بابەتی هەمەجۆر کرد و لە گۆڤار و ڕۆژنامە بەناوبانگەکاندا بڵاویانی دەکردەوە. لە ساڵی (١٩٠٤) دا، لە زانکۆ رادکلیف (لە ئێستادا ناوی زانکۆی هارفارد) ، بە پلەی (نایاب) بە یەکەم دەرچوو. بڕوانامەی لیسانس (بەکالۆریۆس)ی لە فەلسەفە و ئەدەبدا وەرگرت. هێلین کیلەر بوو بە یەکەم نابینا و نابیستە (کەڕ) کە ئەم بڕوانامەیە بەدەستبهێنێت. پاشان لە چەند بوارێکی جیاوازی تردا، دکتۆرای بە خوێندن دا. دکتۆرای لە زانست و فەلسەفەدا بەدەستهێنا، شایەنی باسیشە، هاوڕێیەکی دڵسۆزمەندی ئێلیکسەندەر بێل، هەموو خەرجییەکی زانکۆی هێلین کیلەری گرتە ئەستۆی و مانگانەی بە بڕیوە.
هێلین کیلەر، شووی نەکرد. ئۆگەرچی لە ساڵی (١٩١٦) دا، لەگەڵ (پیتەر ڤاگان) دا کەوتە داوی خۆشەویستی و نەخشەی ڕەدوکەوتنی دانا. بەڵام بە دڕاوەی ئەمریکا، بەنام خەزانەکەی پێشیمانیان کردەوە. لە ساڵی (١٩٢١) دا، باوکی کۆچی دوایی کرد.
هێلین کیلەر چەند زمانێکی جیهانی فێربوو، لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا، دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و یۆنانی و لاتینی.
هێلین کیلەر، فەری چنین و دروماڵ بوو، فەری مەڵوانی و ئەسپ سواری بوو.
هێلین کیلەر زیەاترلە (١٨) پەرتووکی نووسی و چاپیانیکرد، لە هەموو جیهانیشدا بڵاوبونەوە. ئەمانە ناوی پەرتووکەکانی هێلین کیلەرن:(شای بەستەڵەک ـ ١٨٩١)، (چیرۆکی ژیانم ـ ١٩٠٣) ژیاننامەی خۆیەتی. ئەم پەرتووکە بە زیاتر لە (٥٠) زمانی جیهانی وەریانگێڕاوە. چەندین جار چاپیان کردەتەوە، تا ئەمڕۆش هەگرانەکی خوێندنەوەی زۆری هەیە. (گەشبین ـ ١٩٠٣)، (کلیلی ژیانم ـ ١٩٠٤)، (ئەو جیهانەی تێیدا دەژیم: ١٩٠٨)، (پەرجەی ژیان ـ ١٩٠٩)، (گەرانی دیواری بەرد ـ ١٩١٠)، (لە تاریکی دەرچوون ـ ١٩١٣)، (پووڕە سام بانگەواز دەکات: ١٩١٣)، (ئاینەکەم ـ ١٩٢٧)، (ژیانی دواترم ـ ١٩٢٩)، (ئەمە خەمبار بووین ـ ١٩٢٩)، (ئاشتی لە ئیڤێنتاید ـ ١٩٣٢)، (هێلین کیلەر لە سکۆتلەندا ـ ١٩٣٣)، (با ئیمانمان هەبێت ـ ١٩٤٠)، (مامۆستا ئان سولیڤان ـ ١٩٥٥)، (دەرگای کراوە ـ ١٩٥٧). بەجگە لەو وتار و باسانەی کە لە گۆڤار و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویانی کردونەتەوە، کە (٤٧٥) وتار و باسن. لە ئەرشیفی هێلین کیلەردا پارێزراون. بەشێکی ئەم وتار و باسانەی، وەکو

(باڵێزی نیازپاکی ئەمریکی بۆ نابیناکان) لە زۆر وڵاتی جیهاندا پێشکێشی کردوون.
هەڵین کیلەر، ئامۆژگاری بەرهەڵستی بەکارهێنا، لە ڕۆگەی وشەی تایپکراوەوە، پەیوەندیی لەگەڵ بە هەزاران ئەمریکی و خەڵکی تر لە جیهاندا هەبوو. پەگەز و ڕەزەکی زۆری نوودوودتی هەبوو. پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ سەرکەکانی ئەمریکا و لەگەڵ بەشێک لە سەرکەکان و ناودارانی جیهاندا هەبوو، وەکو: ئایزنهاوەر، جۆن کێندی، لیندون جۆنسۆن، ڕۆزفێلت، ئەلیکساندەر گراهام بێڵ، مارک تویۆن، جەواهیر لال نەهرۆ، چارلی چاپلن، تەها حوسێن، وینستۆن چەرچڵ، گاندی مایەر،...هتد.
(مارک تویۆن) لە ڕاگەیاندنەکدا، دەڵێت:"دوو کارەکتەری سەرنجڕاکێشی سەدەی نۆزدەم، ناپلیۆن و هەڵین کیلەر" ن. سەرکەکانی ئەمریکا بە ماوەی (٦٠) ساڵ، ڕاوێژیان بە هەڵین کیلەر دەکرد و گوێیان لە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی دەگرت. دیدار و دانیشتن و کۆبوونەوەی تایبەتیان بۆ سازدەکرد. ئەمریکا هەڵین کیلەری وەک، ڕاوێژکاری پەیوەندییەکانی نوودوودتیەکان دەستنیشان کرد.

هەڵین کیلەر لە ساڵی (١٩٤٦ــ بۆ ــ ١٩٥٧) بە ناوی باڵیۆزی نابینایانەوە، بە یاوەری مامۆستا ئان سولیڤان، دەستی بە گشتەکانی بە وڵاتانی پێنج کۆشوەری جیهان کرد. لە ماوەی (١١) ساڵدا (٤٠) دەوڵەت گەڕا و زۆر بە ڕەزەوە پێشوازییان لێدەکرد. لە ساڵی (١٩٣٧) گەشتی بە ژاپۆن کرد. (٢) ملیۆن ژاپۆنی لەسەر شەسەی شەقامەکاندا ڕاوەستان، بۆ ئەوەی هەڵین کیلەر ببینن. کیلەر بۆ دوەم جار، گەشتی بە ژاپۆن کرد و (٣٠) شاری ژاپۆن گەڕا. ڕەزەکی دیپلۆماسی بەرزی گەڕا، لە بەهەڵزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ژاپۆندا. هەڵین کیلەر دیداری لەگەڵ سەرکەکانی هەموو ئەو وڵاتانەدا کردووە، کە سەردانیانی کرد. درێژترین گەشتی کیلەر، لە ساڵی (١٩٥٥) لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا ئەنجامیدا. گەشتەکەی (٤٠) هەزار میل بوو، لە ماوەی پێنج مانگدا، بەناو وڵاتانی ئاسیادا سووڕایەوە. چەندین باسی پێشکەشکرد. هانی دەوڵەتانی دەدا، کە قوتابخانەی تایبەتی بۆ نابینایان و کەمئەندامانی تر بکەنەوە.
هەڵین کیلەر، داکۆکیکەرێکی سەرسەخت بوو، لە مافەکانی ژنان و بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان لە هەموو جیهاندا. دەزی مافەکانی نابینایان و کرێکارانی گرتە ئەستۆی. سۆشیالیستێکی

پابەند بوو، دژی چەوساندنەوە و رەگەزپەرستی بوو. ئەندامەکی کارای (یەکێتی ئازادی مەدەنی) بوو. دژی وزەی ئەتۆمی و دژی سەرهەڵدانی فاشیزم بوو لە ئەوروپادا. دژی لە سێدارەدانی دڕاوەی یاسا بوو. ئاشتیخواز بوو، دژی شەڕ بوو. بۆیە نازییەکان لە ئەڵمانیادا پەرتووکەکانی هەڵین کیلەریان سووتاند.
هەڵین کیلەر، لە ئەمریکا و لە سەرانسەری جیهاندا ڕێزیان لێگرت، چەندین خەڵات و بڕوانامەی ڕێزلێنانیان پێشکەشکرد. لە ساڵی (١٩٥٥) دا، وەک ئەکتەرێکی بەدەنگ بەشداریی لە فیلمی "چیرۆکی ژیانم" کرد، کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆیەتی و باسی ژیانی خۆی دەکات. دوو خەڵاتی ئەسکاری شانازی (فەخری) یان پێشکەش کرد. لە ساڵی (١٩٣٦) دا، (تیۆدۆر ڕۆزڤێت)، (مەدالیای خزمەتی نایاب)ی پێشکەش کرد. لە ساڵی (١٩٦٢) سەرۆکی ئەمریکا (لیندۆن جۆنسۆن)، بەرزترین خەڵاتی ئەمریکا، (مەدالیای ئازادیی سەرۆکایەتی) ی پێشکەش بە هەڵین کیلەر کرد. هەریەکەش لەم زانکۆ جیهانییانە، بڕوانامەی دکتۆرای شانازی (فەخری) یان لە ئەدەب و یاسادا، پێشکەش بە هەڵین کیلەریان کرد: زانکۆی تەمبل و هارفەرد ـ لە ئەمریکا، زانکۆی گلاسکۆ ـ ئەسکۆتلەندا، زانکۆی بەرلین ـ ئەڵمانیا، زانکۆی دەلهی ـ هیندستان، زانکۆی ویتواتەرسراند ـ باشووری ئەفریکا. دوای مردنیشی وێنەیان خستە سەر پوولی پێست. چەندین قوتابخانە و پێیمانگا و هتد بە ناوی هەڵین کیلەرەوە نراون. چەند شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی، دەربارەی ژیانی هەڵین کیلەر دەرهێنراون و تەمارکراون.
هەڵین کیلەر، چەند هەفتەیەکی کەمی مابوو، بە یادی جەژنی (٨٨) ساڵەی
لەدایکبوونی. تووشی جەڵتەی مێشک بوو. لە ڕۆژی (١/ حوزەیران/ ١٩٦٨) لە شاری (ئارکان ریج) لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.
لە وتە بە ناوبانگەکانی هەڵین کیلەر:"کاتێک کە دەرگایەکی خۆشیمان لەدادەخرێت، دەرگایەکی ترمان بە دەکرێتەوە. بەڵام هەندە جار بە ماوەیەکی درێژ، ئێوندە سەیری دەرگا داخراوەکە دەکەین، ئێو دەرگایە نابینین کە بۆمان کراوەتەوە".

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندین سایتی

ئینگلیزی وەرگرتووە.
رەزا شوان
نەرویج: ٢٠٢٤

لە نەهاتنتا.. شیعر/ کاوە عوسمان

کە بەیارتدا
بە خەمگینی سەرهەڵگری
دوور ڕۆگەگری
کەتا چرپەشت نەدرکێنی
بە تەنیایی
بە نەو یادەوەریە با بردوەکانا
ڕۆژانی عیشق تەپەڕێنی،،
ئیتر خەر
لە ئاوابوونی هەتاوی نیگاتا،
لە غەریبیم بە ڕۆگەی نەهاتنتا
دڵی شکا،
درەنگ هەڵهات
پرژەی ڕەنگاڕەنگی
بارانیش تەرا
پاشگەز بووەوە
لە ماچی شکۆفەی
سەر ڕێگەی دوورتا ،
تەیەک بە ئاگا
بە بەیاری سەفەری دورتا
لە بەدەنگی گیتاری چرپەتا
دارستانی ڕەحەک سوتا
پەریکانی ژوان
مات و مەلوول
لە خەمگینی نەهاتنتا
سەما ناکا

وەک گۆڵەی بە گیان
لە بەردەم پەیکەری ڕەشی
خواوەندی تەنیاییتدا
وەرین
باڵیان شکا
تە پەنازانی
لە جەنگەستانی
سەفەری بە ناونیشان
بەدەنگیشت بوتە تاوان
دوور تەماشاکە
لە دوای سەفەرتا
لە نەهاتنتا
لە بە دەنگیتا
شاعیرەک،
لە زەریای هەڵچووی خەما
لە نەو زوقم و تەما
وەڵە و سەرگەردان ئە ما
بە فرمێسک و خوێنی شیعرا
لە سەر شەپۆلی زەریای نامەییدا
دوا شیعری ماڵئاوایی نوسرا

بەتوندی سەرکۆنەی تووندوتیژی و کوشتنی هاوڵاتیــیان دەکەین لە لایەن کەمانـــدە و چەکـــدارانی حزبەکانی دەسەڵاتەوە

کەمیتەی سلێمانی / هێکخراوی بەدیلی کەمەنیستی لە عێراق

ماوەیەکە لە سلێمانی و چەند شار و شارۆچکەیەکی ئەو پارێزگایە، دیاردەی تەقە لە کردن، بریندارکردنی بەمەبەست و کوشتن، پەرەی

سەندووق، لە لایەن چەکدارانی ناسراو بە (کەماندۆ)ی سەر بە هێزکانی پێشمەرگەی حزبی دەستاتدار لە "زانی سۆز". (کەماندۆ) لە چوار چێوەی هێزی (ئاسایش) و (پۆلیس)دا تێکنۆخراوە و لژێر فەرمانی بەرپرسانی پلە باڵای حزبی و هێزی پێشمەرگەدان.

لە مانگی ئابردوودا لە (تاسووجە) تۆقە لە کەسێک دەکرێت و بریندار دەکرێت، و لە (گۆڕەکی زانکۆی سلێمانی تازە) لاوێک لەلایەن ئۆفسەرێکی ئەم هێزەوە دەکوژرێ. هەروەها، لە گۆڕەکی ئاپرینی سلێمانی (ئاری ئزگار چایچی) بەبەرچاوی خێزانەوە شەوی (٢٧-٧-٢٠٢٤) بەر فیشەک دەدرێت و لە جێگادا گیان لەدەست دەدات. هەر لەم ئاستایەدا، لە (بانی مەقان) لە قەزای (چەمچەماڵ)یش ئێژی (٢٨-٧-٢٠٢٤) قاچی دوو کەس بەمەبەست بریندار دەکرێت، و شەوی (٣-٨-٢٠٢٤) لە (گۆڕەکی زێڕنگ) لە سلێمانی هەر لە لایەن ئەم هێزەوە قاچی دوو کەس دەشکێنرێ. زنجیرەی ئەم کوشتن و بریندارکردنەی هاوڵاتیان دیاردەیەکی سیستماتیک پێکدەهێنی و پێدەچێ سیاسەتێک بێت کە هێزکانی دەستات گرتویانەتەبەر و پیادەی دەکەن.

دیارە، ئەم کەشتن و تۆقە کردنە، ئەم توندوتیژیی نواندنە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، هەر لە دوای گرتنە دەستی دەستاتی سیاسی لە لایەن ئەم حزبە ناسیونالیستییە میلیشیانەوە، و بە چاوترساندنی خەڵک دەستیان کرد بەکوشتنی ژنان و نەیارانی سیاسی خۆیان و ئێژنامەنووسان و چالاکوانی بزووتنەوەی کریکاری و جەماوەری و کەمینەستەکان. هەتا ئێستاش ئەم دیاردەیە بەردەوامە، و کەم ئێژ هەیە گوێبیستی ئەوە نەبین کە بەدەستی (کەماندۆ) و (زێرەڤانی) گەنجێک یان هاوڵاتییەکی ئەم هەرەمە نەکوژرێ یا سوکایەتی پێ نەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ ئێگریەکی یاسایی هەبێت و تاوانباران سزای یاسای خۆیان وەرگرن.

ئەم تاوانانە کە لەم دواییانەدا ڕووی لە هەڵکشانە، هەم لە "زانی سۆز"ی ژێر دەستاتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئەنجام دەدری و هەم لە "زەرنی زەرد"ی ژیر دەستاتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە دەیان کەسیان لەسەر شەقامەکان، لەبەردەم خەستەخانەکان بەر شەق داوە، لەسەر فۆن-لایت یا لەسەر ئاگرتنی سیارە خەڵک کوژراوە، میدیاکاران کەلوپەلەکانی میدیاییان لێ سەندراوە و چەندین ئێژ نامەنووس بەتەمەتی جەراوجێڕەوە گیراون و دراون بەدادگا و زیندانی کراون.

پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە کاتێکدایە کە پێگەی حکومەتی هەرێم لە

هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا تادێت لاواز دەبێ و هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمەکەش لەناو قەیرانێکی هەمەلایەنەی سیاسی-ئابووری و کارگێڕیدان و ووبەووی، نەفرەت و بێزاری و ناڕازایەتییەکی جەماوەری بەرفراوان بووندەوە.

ئەم دەسەڵاتە لەم بارودۆخەدا بە پاراستنی مانەوەی خۆی، نەک هەر سیاسەتی سەرکوتی ئاگاهانە و ڕێکخراو پیادە دەکات لە لایەن دامودەزگا سەرکوتگەرەکانیەوە، بەڵکو بڕوێش دەدات بە دروست کردنی یەکەی تایبەتی لە هێزی چەکدار بەناوی جەراوجەرەوە بە پەرپێدان بە سیاسەتی تۆندوتیژی ئاشکرا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و بە چاوترسێنکردنی جەماوەر و پاشکۆ پێکردنی ناڕازایەتییەکانیان.

ئەو ڕێکخراو نەبوون و یەکگرتوو نەبوونی جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز و نەبوونیانە بە هێزێکی سیاسی چینایەتی سەربەخۆ و کاریگەر کە بواری ئاوەاکردەتەوە بە ئەوەی هێزی چەکداری حزبەکانی دەسەڵات و دامودەزگا سەرکوتگەرەکانیان درێژە بەم تاوانانەیان بدەن، و بەقیمەتی جەزربەدان و تەقاندنی خەڵک و کوشتوبڕی کردن، دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییان بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا بهێنەوە.

کۆمیتەی سلێمانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، لە کاتێکدا بە تۆندی سەرکۆنەی ئەم دەستدرێژیانە و ئەم تۆندوتیژی و کوشتوبڕیە دەکات، داواش لە جەماوەری زەحمەتکێشی ناڕازی و ئازادیخوازان، لە ڕێکخراوە کریکاری و جەماوەرییەکان دەکات دەنگی ناڕازایەتی خۆیان هەبڕن دژ بەم تاوانکارییانە و لەپشتاو داسەپاندنی پاشکۆیی بەسەر حزبەکانی دەسەڵات و بنەبڕکردنی دەستدرێژی و تاوانکانیان.

٧/٨/٢٠٢٤

بە زەبر بەرز ستیڤان شۆمزینی..

چرۆ زەند

پەتووکی شەشکەم دژی شەرپەنجە، نووسینی ستیڤان شەمزینی

لە دیدی منداڵ، شەشکە تاکە لە وێنەدا، لەبادەبەردەر سەرنج ڕاکێشە، پەتووکەکە ناتەوە وڵای بنێی. شەشی مرۆڤ بەدوای گیان بەناخدا. دەتەوە خوێنەر بی تا کۆتایی. بە دەنگانداڵەی و لاپەنگان زوو هەڵدەیتەوە. ئەو باس لە نەخۆشیەک دەکات کە مرۆڤ لە ناوەکی دەترسێ، باس لە نیگەرانی مرۆڤ بە تووش بوونی، لە ئازارەکان دەکات.
ئازارەکانی نووسەر گەیشتە کوێ لە نەخۆشخانەکانی شار بەرەو نەخۆشخانەکانی ئەمانیا. ئەو ئازارەی یەکەم جار لە فیشەک دەچوو لەسەری نووسەری دا لە ناو ئوتومبیل لەکاتی گیانەوە بەرەو ماڵ پاش تەمارکردنی ڕاپۆرتێ. بروسکەیەک بوو گەڵە ئازاری تری بەدوادا هات. نووسەر دەست لەسەری دەدا نەوەک خوێنی لەبەژێ، بەڵام ئەوە فیشەک نەبوو بەر سەر کەوە یان خوێنی لەبەژێ. ئەوە دەستپەکی شەرپەنجە بوو، سەرەتای شەشکەی نووسەر بوو.

شەشی نووسەر، دژی گەڵە نەخۆشی سەختە، شەشکە زەرینەی مرۆڤکان پەویستاین بەو شەشە هەیە لە ناخی خۆیاندا. زەرینەش خۆیانی تێدا دەبینەوە. ئەوە شەرشی منیش بوو، کاتێ بریارمدا دوور بژیم، هەم لە زەند و هەم لە ژیانی هاوسەرگیری کەوتمە خەستخانە بە ماوەی سێ مانگ ونیو. بە هەندێ لەو سەختیانەدا ڕەشتم کە نووسەر باسیان دەکات. . نووسەر باس لە بوونی لەناو نەخۆشخانەکەدا دەکات لەگەڵ تەمەنی هەشتا ساڵان و پیران. بەڵێ نووسەر ومن کەشمان لەوە نەبوو پیران لە ژوورەکەدابن، یان توانجێک دەربارەی تەمەنی وان بێت، بەڵام خێت لەناخەوە هەست دەکەی چەند زوو گەیشتیتە ئەو قۆناغە. پەش ئەوەی گەنجیم ببینم پیر دەبم، لە ناو پەخەفکی چاوەڕوانیم، نزیک بە پەخەفی مەرگ. لەو ڕۆژگارانەدا من پەویستم بە هاوکاری هەشتا ساڵەک بو (قەسەب) قامیشی ئاو خواردنەوە بیداتێ دەستم یان لە ناو پەرداخەکەی بەردەمم دایبنێ. چونکە دەستم نادەجوڵا، نەم دەتوانی برەم، بدوەم، نان بخەم ،ئەو چرکە ساتانە لە کاتدا بوونت دەنیسشان دەکات. مرۆڤ کە نەتوانێ هیچ بکات، ئیتر بوونی مرۆڤ یەکسانێ بە نەبوون یان نزیک بە مەرگ.
نووسەر دەڵێ (کات بێیە هەیە چونکە بوون هەیە، پەچوانەکەشی ڕاستە) مرۆڤ کە بە نەهامەتیەک، ناخۆشیەک، یان نەخۆشتەکدا دەڕوا، وەک ئەوە وایە هەرگیز لەش ساغ نەبووبێ یان خۆشی نەدیبێ. ئیتر پاش

چاک بوونەوە وەیان کاتێ ژیان بوارێکی ترت پێدەدات، ئەو کاتە بەبەها دەگری، دەتەوێ چرکە ساتەکانیش بەفیڕۆ نەدەی. پەندەکان لە کەلتورێ جیاکاندا ڕووکردنەوەی جیاوازیان هەیە بۆ کات (کات ئاڵتوونە، کات پارەیە، کات تیغە). بۆ من کات گوڵێ بەبەها ترە، هاوڕام لەگەڵ نووسەر، کات مانای بوونە، پێویستە بە جوڵەی مرۆڤ و ژیان. نووسەر دەڵێ (پێم وایە ژیان نە خۆشە نە ناخۆش، شتێکی دانسقەیە و مەتەڵەکە).
نووسەردەتبات بە جیهانە بیر کۆیتەوە پیاسەیەک بەناخدا بکەی، بەئاگا بیت کاتی خوندنەوەدا، لەو کاتەدا بژیت.
بەڵای من پەتووکەکە هەر ئەوە نیە کە دەیخوێنیتەو، بەڵکو بیرکردنەوە و تێگەیستنێکی قوترە لە ناخ. لە ئێستادای مامۆستای ئەمانی و نووسەری کۆندایی، تێڕ ئیکارت، کات دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا، بوون ئەو ئێستایەیە کە تێدا دژی. کە مرۆڤ نیگەرانە، لە ئێستادا ناژی پێویستە بە ئابردوویەک ڕەی وە داهاتوویەک کە نادیارە واتە هەز لە ئستادایە.
پەتووکە بەناوبانگەکەی بە گەڵە لە زمانەکان لە جیهاندا وەرگەڕاوە، وە بەزمانی کوردیش لەبەردەستە بە خوێنەر.
Eckhart Tolle, THE POWER OF NOW

ساڵانێک زەر پێش ئێستا لە نەوتەکاندا کاتی دوای ڕاپەڕین و جموجۆڵی ڕۆژنامەوانان. بە دیداری نووسەر شاد بووم. وەک نووسەر و ڕۆژنامەوان چەند جارێکیش لەکاتی سەردانە کورتەکانمدا بە نیشتمان، لە ماڵە شیرینەکەمان لە سلێمانی بە ئامادەیی باوکی نەمرم، بەدیداری شاد بووم یەک لەو جارانەش چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ من بۆئێنجامدا، پاشان بە ئیمەیل ئاگاداری کردمەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا.
ئەو ڕۆژگارانە، من ستیڤان شەمزینیم دەدی وەک ڕۆژنامەنووسێکی زیرەک، بوەر، بەئاگا، پێ هیوا، مرۆڤێکی کەم وێنە، هەمن لە گفتدا. لە ئێستادا، بە نووسینەکانی ئاشنام و لە دوور دەنگی دەبیستم دووبارە نووسەرە پر لە بوەری. بە من پەتووک و نوسین و وتارەکانی ڕەنگە بەڵم فەلسەفەیەکن لە ژیان کە مرۆڤ لێیان فێر دەبێت. دەمەوێ گوێبیستی بم.
نووسەر دەڵێ:
(من ناتوانم نێنووسم، نانووسم بە قازانج و ناوبانگ، گەر نێنووسم دەمرم) ئەوە لە ژیانی زەر لە نووسەراندا ئاستێیە بە دێنیایەوە دەڵێم ئەم دەستواژەیە هەموو نووسەرێک ناگرێتە خۆ.
(هەڵم نەداوە پێیامێک بگەیەنم، تێنە ویستووم چیرۆکی بگەمەوە، لە گەڵانەوەی چیرۆکی خەمدا، خەمێکی تر دەبینم یان ئەو خەمە پشتر

نیگام نەکردبوو) لە ئنگلیزیدا دەستواژێیەک هەیە بە سەرسامی دەربەین (واو)
گەلێ سەرسامم بەم دەربرینە، چی لەوە زیدەتر، نووسەر لە ناخ دەدوە لە ناخێکی کە خەتی تیا دەبینی بە شێوەیەکی تر ئەوەی پێشتر نیگات نەکردبوو.

بە دنیاییەوە ژیانی هەندێ کەس چیرۆکی مەزنن. لەهەمان کاتدا ژیانی هەموو کەس ئەو چیرۆکە نیە یان هەر چیرۆک نیە. چیرۆکی ستیڤان شەمزینی شایستەی خوێندنەوەو گولگرتنە. ئاستگیریە وێنەکانی دەدوێن، ئەنجامی تاقکردنەوە پزیشکی و بەگەنامەکان گەواهی ئاستگیری وئازایی نووسەرن. کەکەتایی، سوپاس بە پەتووکە بەبەهاکەت، سوپاس بە بونت وادەخوازم جارێکی تر بیخوێنمەوە. شرپەنجە بەتە نەخوش سەردەم، ترسێکی هەمیشەیێک لە ژیان کە رەژ بەرەژ لە زیادبووندایە، خەریکە لە دەرگای هەموو مالێک دەدا و دەچێتە جێستەی هەموو مرۆڤێک.

Wednesday, June 24, 2024
Toronto, Canada
چرۆ زەند
/https://chrozandauthor.com